# مەسەلەی ویژدان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ئەحمەد موختار جاف

# مەسەلەی ویژدان

## یان: چۆن بووم بەخانەدان

چیرۆکێکی کوردییە

پێشەکی و لێکۆڵینەوە:

دکتۆر ئیحسان فوئاد

ناوی کتێب: مەسەلەی ویژدان – چیرۆکێکی کوردییە
نووسینی: ئەحمەد موختار جاف
پێشەکی و لێکۆڵینەوە: دکتۆر ئیحسان فوئاد
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٨٥
پیت لێدان: سەهەند سەرتیپ
هەڵەگری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی دووەم– هەولێر – ٢٠٠٨
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە ( ٩٧٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

**پێشکەشە...**

* بەگیانی پاکی باوکم کەریم بەگی حەمەد بەگی قادر پاشا
کە ئەم دەستنووسەی لەتەك چەند یادگارێکی کەدا پاراست،
لە سووتان و فەوتان.
* بەهەموو ئەدەب پەروەرانی وڵاتەکەم!

لە خەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزل و هونەرتانە
دەسا تێ کۆشن ئەی قەومی نەجیب و بێکەس و مەزڵووم
بەگورجی قەتعی کەن ئەو ڕێگە دوورەی وا لەبەرتانە

## پێشەکی

نووسەران و شاعیرانی دڵسۆزی میللەتی کورد، گەلێ یادگاری بەنرخ و بەسۆزیان بۆ بەجێ هێشتوین کە لەبەر باری هەمیشە ئالۆزاوی کۆمەڵی کوردەواری و کزیی توانای چاپەمەنی، لە وەختی خۆیدا هەروا لە کون و قوژبنی تاریکدا بێ ناز ماونەتەوە. ونبوون و فەوتانی ئەم دەستنووسە بەنرخانە، زیانێکی ئێجگار گەورەی داوە لە سامانی زانیاری و ئەدەبی نەتەوەییی میللەتەکەمان، وە لێکۆڵینەوە و مێژووی ئەدەبی میللەتەکەمانی شێواندووە و پچڕ پچڕ کردووە. جا بۆیە —بەلای منەوە— هەوڵی دۆزینەوەی ئەم یادگارە بەنرخانە لەگەڵ ئەو هەموو ئەرك و ئارەق ڕشتنەی تووشی ئەو کەسانە دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە کۆشش دەکەن پێویستیی یەکەمی سەرشانی هەموو نووسەر و شاعیر و ئەدەبپەروەرێکی میللەتەکەمانە.

منیش ئەمڕۆ خۆم گەلێ بەبەختیار دەزانم کە بەشێکی بچووکی ئەم ئەرکە پیرۆزە جێبەجێ دەکەم بەبڵاوکردنەوەی دەستنووسێکی بەنرخی شاعیری گەورەی کورد ئەحمەد موختار بەگ. ئەحمەد موختار بەگی جاف شاعیری جوانەمەرگ بەهۆنراوە بەسۆزەکانی شوێنێکی ڕەنگینی بۆ خۆی بەجێ هێشتووە لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵام وەك لەم دەستنووسەوە دەردەکەوێت ئەحمەد بەگ شاعیرێکی گەورە نییە و بەس، بەڵکو دەستێکی باڵاشی هەیە لە نووسینی چیرۆکدا.

ئەم چیرۆکەی ئەحمەد موختار جاف لە هونەری چیرۆکنووسیدا شوێنێکی ناوەنجیی هەیە لە نێوان چیرۆکی کورت و ڕۆماندا (چیرۆکی درێژ)، واتە ئەو بابەتەیە کە لە زمانە ئەوروپاییەکاندا پێ دەوترێت Nouvelle (povist) story [1]،چیرۆکی لەم بابەتە بەشێوەیەك دادەڕێژرێت

---

(1) " povist" بەزمانی ڕووسی.

که ڕووداوەکانی ماوەیەکی دوور و درێژتر داگیر دەکەن بەبەراورد لەگەڵ چیرۆکی کورتدا –کە تەنیا پارچەیەکی بچووکی ژیان ڕوون دەکاتەوە و بەدەوری ژیانی یەك دوو کەسدا دەسووڕێتەوە –بەشێوەیەکی گشتی – لە کاتێکدا ئەم سەر گوزشتەیەی ئەحمەد موختار جاف نووسیویەتی پاڵەوانەکانی زۆرتر و هەمەڕەنگەن لە پایەی کۆمەڵایەتی و خووڕەوشت و هەڵسوکەوتیاندا(٢).

سەرکەوتنی چیرۆکنووس تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوە بەچۆنێتیی هەڵبژاردنی پاڵەوانی چیرۆکەکەیەوە. لەم کارەدا ئەحمەد موختار بەڕاستی وردی پیشان داوە. مەسەلەی ویژدان، بەسەرهاتی پڕ لە ئازار و ئەشکەنجەی لە دەستچوونی ویژدانی ئادەمیزادێکی ساکارە لە کۆمەڵێکدا کە ویژدان بەلایەوە هەر بۆ ناوە و نرخ و بوونی نییە. بۆ مەبەستی شیکردنەوەی ناتەواوی و زوڵم و زۆری کۆمەڵایەتی، نووسەر پاڵەوانەکەی زۆر باش هەڵبژاردووە. زۆرابە فەندی لە خێزانێکی هەژاردا بێ دایك و باوك پەروەردە بووە، نیمچە خوێندەوارێکە تازە دەستی گەیشتووەتە پارەی مووچەخۆری، خاوەنی بیروباوەڕێکی تایبەتی نییە، سەرمایەکەی تەنیا، ساکاری و ڕاستگۆییی خۆیەتی. لە سەرەتادا بەتایبەتی پێش ئەوەی ببێت بەمووچەخۆر، ساویلکە و بێ فڕوفێڵ لە هەموو شوێنێکی کە ئیشی تیا دەکات بەدوای ویژداندا دەگەڕێت و خول دەخوات. بەڵام بێهوودە، لە دواییدا ناکۆکیەکی بەتین پەیدا دەبێت لە نێوان ویژدان و پاکیەتیی ئەمدا و

(٢) لام وایە وەختی ئەوە هاتووە، لە زمانی ئەدەبیماندا بۆ هەریەکی لەم بەشانەی چیرۆك ناوێکی تایبەتی دابنێین، بۆ ئەوەی بەتەواوی جێگیر ببێ و هەموو کەسێ و بەکاری بهێنێ بەتایبەتی لە لێکۆڵینەوەدا. بۆ نموونە دەتوانین بۆ چیرۆکی درێژ وشەی ڕۆمان بەکاربهێنین، بۆ story کە ناوەڕاستە لە نێوانی ڕۆمان و چیرۆکی کورتدا وشەی سەرگوزشتە بەکار بهێنین، وە بۆ چیرۆکی کورتshort story کورتە چیرۆكبەکار بهێنین.

ساختەبازی و بێ ویژدانیی ئەو دەستەوبەرەیەی دەکەوێتە ناویەوە. کاکڵی چیرۆکەکە پیشاندانی ئەم ناکۆکییەیە.

نووسەر بۆ دەرخستنی ئەم ناکۆکییە، هەروا لە خۆیەوە ڕستە هەڵنابەستێت، بەڵکو وەستایانە هەڵوێست و پلەی ئەم ناکۆکییە لە ڕێی گفتوگۆوە دەردەخات.

زمانی ئەم گفتوگۆکردنە بەشێوەیەکی زۆر جوان نووسراوە، ورد و گونجاوە لەگەڵ پایەی کۆمەڵایەتی و خووڕەوشت و نەفسیەتی ئەو کەسانەی هاوبەشیی کارەساتی لە دەستچوونی ویژدانی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەکەن، ئەم ویژدانەش پلە بەپلە نیگارکێش کراوە، خەریکە لە دەست دەچێت و سەرلەنوێ هەڵ دەداتەوە هەتا لە دواییدا بەتەواوی کز دەبێت و بەرەو نشێو و زەلکاوی بێ وێژدانەکان دەخزێت و نوقم دەبێت.

نووسەر زمانێکی ساکاری بێ زۆر لێکردنی بەکارهێناوە و زۆر جار هەر بەشێوەی ئەو کەسانە دەدوێت کە خۆیان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا گفتوگۆی پێ دەکەن – ئەمەش پلەیەکی دیاریکراو نیشان دەدات لە شارەزایی شاعیر لە هونەری چیرۆکنووسیندا. ئەگەر خوێنەوەری بەڕێز گەلێ جار وشە و دەربڕینی بێگانەی بکەوێتە بەرچاو، نابێت لای سەیر بێت چونکە ئەمە کتومت زمانی نیوچەرخ لەمەوبەرمان بۆ دەردەخات. ئەمەش لە گەشەسەندنی زمانی پەخشانی هونەریدا بایەخی خۆی هەیە بەتایبەتی بۆ ئەوانەی لە پەرەسەندنی ئەدەبی کوردی دەکۆڵنەوە.

هێندێ جار وردەکارییەکی شاعیرانە دەبینین لە بەکارهێنانی ڕستەیەکی جوان و وردا بۆ دەرخستنی ڕاستییەکی تەواو لە شوێنی خۆیدا. بۆ نموونە کاتێ ڕەئیسی دائیرە محاکەمەی زۆرابە فەندی دەکات کە چۆن بەم خەتە ناشیرینەوە کەوتووەتە دەستبڕینی خەڵکی بەعەرز و حاڵ نووسین و تووشی گێرمەوکێشەیەکی زۆر دەبێت، نووسەر جارێ هیچ نادات بەدەستەوە دەربارەی خوێندەواریی ڕەئیسی دائیرە، تا خوێنەوەر

بەتەواوی حاڵی دەکات لەو شەڕەشەقەی تووشی زۆرابە فەندی دەبێت بەناحەق، ئەمجا بەدوو ڕستەی جوان و ورد خوێندەواری و خۆشخەتیی ڕەئیسی دائیرەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

ڕەئیس وتی:

– کوڕە کێ لەوێیە؟

فەورەن دوو سێ کەس حازربوون.

– نەختی دەمولووتی بکوتنەوە!

بێ ئەدەبی نەبێ قەدرێ دەمولووت و چاوم بەشەقازلە تەئدیب کرا. ئەوراقەکەمی حەواڵە کرد و دای بەدەسمەوە. **کە تێ فکریم ئەو خەتە پیسەی من هێشتا زۆر لە خەتی ڕەئیس جوانترە، لە دڵی خومدا وتم: خودا قودرەت قابیلی تۆیە یەکێ لەسەر خەت ناشیرینی محاکەمە دەکرێت و یەکێ لەبەر خەت ناشیرینی، مەسعوود بووە و بەختیارە؟**

ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە Critical Realism لە ئەدەبی میللەتانی ئەورووپادا بەو ڕێبازە گەورەیە دەڵێن، کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە کەوتە پەیدابوون و گەشەسەندن. ئەم ڕێبازە ئەدەبییە بایەخێکی گەورەی دا بەڕووهەڵماڵینی دەسەڵاتی پڕ لە زوڵم و زۆری چینە دەسەڵاتدارەکانی ئەو سەردەمەی ئەورووپا. ناتەواوی و تەڵەکەبازی و دەستبڕینی چینە کاربەدەستەکانی دەرخست، چاوی میللەتانی کردەوە و ڕاستیی بەختیاریی ژیانی ژێرسایەی ڕێژیمی سەرمایەداریی بۆ دەرخستن. لە نووسەرە بەناوبانگەکانی ئەورووپادا کەمەشخەڵی ئەم ڕێبازەیان هەڵگرتووە دیکنز، بەڵزاك، ستاندڵ، تۆڵستۆیە. سەرکەوتنی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە گەورەیە لە ڕاستی و وردیی نیگارکێشاندایە. دەتوانین بڵێین کە ئەم چیرۆکەی ئەحمەد موختار جاف لە ئەدەبی کوردیدا سەرەتای ئەو ڕێبازە ئەدەبییەیە.

هەروەها لەم بارەیەوە دەتوانین بڵێین کە نووسەر سوودێکی گەورەی لە تەقالیدی ئەدەبی کوردیش وەرگرتووە، بەشێوەیەکی داهێنەرانە

بەتایبەتی لەو ڕێبازە ڕۆشنبیرییە مەزنە کە لە زەمانی ئەحمەدی خانییەوە ١٦٥٠–١٧٠٦ شەیدای چارەسەرێکە بۆ هەموو ئەو ناتەواوی و دواکەوتنەی لە ژیانی کوردەواریدا دەیبینێت، بەرەخنەگرتن و ئامۆژگاری و سکاڵاکردن و بانگ و ئاواز دەیەوێت میللەتی کورد بخاتە سەر ڕاستەڕێی شەقامی ژیان.

ئەم ڕێبازە مەزنە لە سەدەی نۆزدەهەمدا کەوتە ئەوپەڕی بەهێزبوون و گەشەسەندن لەلایەن حاجی قادری کۆییەوە ١٨١٦–١٨٩٧ و لە پاشاندا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا گەلێ لە شاعیرانی کورد پەیڕەویان کرد وەکو پیرەمێرد و زێوەر و بێکەس و سەلام و جگەرخوێن و گەلێکی تر. ئەم سوود وەرگرتنە لە تەقالیدی ئەدەبی کوردی بەڵگەیەکە بۆ شارەزایی ئەحمەد موختار جاف لە تەقالیدی ئەدەبی کوردیدا، سەدە بەدوای سەدەدا بەشێوەیەك کە گونجاوە لەگەڵ باری نۆیی کۆمەڵەکەیدا و لە گیانی ئەو سەردەمەی شاعیر تیایدا ژیاوە جیا نەبووەتەوە.

ئەم سەر گوزشتەیەی ئەحمەد بەگ، دوو چیرۆکی ئەدەبی بێگانەی هێنامەوە یاد... یەکەمیان چیرۆکی کچەکەی کاپیتانی شاعیری بەناوبانگی ڕووس ئەلیکساندەر پۆشکین(١) ١٧٩٩–١٨٣٨ کە سەرگوزشتەی ئەفسەرێکی ئەو سەردەمەیە بەڵام تێکەڵ کراوە بەڕووداوی وا کە ژیانی میللی و ناتەواویی دەرەبەگایەتیی تارادەیەك تێدا دەرخراوە. لام وایە ئەم هاتنەوەیە یادەم لەبەر ئەوەبێ کە لە نێوان هەردوو سەرگوزشتەکەدا لەیەکچوونێك هەیە – با بەشێوەیەکی گشتی و درشتیش– لە بابەت و شێوەی گێڕانەوەدا.

دووەم بەرهەم، ڕۆمانێکی ولیەم گۆدوینی ئینگلیزییە ١٧٥٦ – ١٨٣٦ کە ناوی Things As They Are هەموو شتێك وەکو خۆی – ولیەم گودوین

(١) پۆشکین: شاعیری گەورەی ڕووس شان بەشانی هۆنراوە چیرۆکیشی نووسیوە و چیرۆك بەشێکی بەجێی بەرهەمەکانیەتی سەرەرای ئەو هەموو بەرهەمە هۆنراوەییانە کە دای ناوە.

بەم ڕۆمانە ویستویەتی هێندێ ڕووی کرداریی چینە بەرزەکانی ژیانی وڵاتەکەی ئەوسای بخاتە ڕوو و ناوەڕۆکی چیرۆکەکەی شەڕێکی سەختە لە پێناوی دەرخستنی ڕاستیدا لە کۆمەڵێك کە جڵەوی ژیان بەدەست ئەو چینانەوەیە کە ئەم هێرەشیان دەباتە سەر و ڕووی ڕاستەقینەیان دەردەخات. سەرگوزشتەکەی ئەحمەد موختار جافیش هەر لە بارێکی وا سەختدا نووسراوە، دواکەوتنی کۆمەڵی ئێمەشی بچێتە سەر کە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوساشدا جیاوازییان ئاسمان و ڕێسمانە.

دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە ئایا ئەم دەستنووسە وەختی خۆی خوێنەوەری بووە و کەوتووەتە دەست کەس؟ بەپێی ئەو سەرنجانەی کە لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا نووسراوە کۆڕێکی تایبەتی خوێندەوارانی ئەوسا ئەم کارەیان لە شاعیر وەرگرتووە وە خوێندویانەتەوە. بەو سەرنجانەی لە کۆتاییی دەستنووسەکەدا دەریان خستووە بۆ شاعیر ئەحمەد موختار جاف، تەنیا لە بەشێکی کەم لە ناوەڕۆکەکەی ڕازی بوون. بەلای منەوە ئەمە هۆیەکی گرنگە بۆ لەچاپنەدانی، سەرەڕای بوونی هۆی تریش.

ئەحمەد موختار جاف بەناوەڕۆکی ئەم سەرگوزشتەیە گیانێکی ئازادیخوازانە و شۆڕشگێڕانەی نیشان داوە و بەمە دەچێتە پاڵی ئەو نووسەرانەی هاوچەرخی کە لە مەیدانی ڕەخنەگرتنی تیژی میراتی ڕزیوی دەرەبەگیدا، ئەسپی قەڵەمیان چاپووکانە تاو داوە لە نموونەی ئەرەب شامیلۆف چیرۆکنووسی کوردی سوڤیەتی. شاکر فەتاح، عەبدولواحید نووری، ئیبراهیم ئەحمەد... هتد. بەڵکو دەتوانین بڵێین کە پێشڕەوە بۆ ئەو نووسەرە لاوانەی ئەمڕۆمان کە دەست دەبەن بۆ ئەم بابەتە گرنگە لە بەرهەمەکانیاندا، چونکە نیوچەرخ لەمەوبەر ئەم پەیامە پیرۆزەی گرتووەتە ئەستۆی خۆی.

د. ئیحسان فوئاد

بەغدا ١٢ ئەیلوول ١٩٦٩

نبێ امیدی ترقی کردن بە معنایە لەو خەیالەش ادا

مسکانم زور لەلا ناخوش بو اما اوندە جەزم

لە ترقی اکرد لە دلی خومدا قرارم دا کە وەکو

آشنا کرم و تی دەنا بکم . وتم کرد بە دروزنە

و خیانت و تطبیقی ادبی وغرامە کە کابرا بوی

دانابوم . حقیقت لە مدیکی زور کمدا مشاهدم

کرد کە احترام قابت قابت زیادی کردوە همو کس

لەجیاتی زیاتر اعتمادم پی ئەکات لەو مدتەدا

کە لەلاوشارە دابوم بە مناسبت ادەوە کە

چینگەکم نزیکی مرگوتی بو وآمشوی مرگوتەکم اکرد

علاوەی مرگوتەکە بوبە آشنام حیارحیار احومە لای

تماشام کرد آدی حوضەکە مرگوت دنا و چوشەکی

زور جیبەم و دیکیش تاکاری زلی حس ناکە وتی ادە کە

بوگنە . دفعەیێک عرض ملام کرد قوربان بوچی
ملاحظەی تەلەقەت ئەم نەرگوتە ناکەی نەرگوت مالی
خوایە ئەبێ لەو هەموو جێگایەک بێ ؟ ئەگەر بێ وام
ئادە دەستنوێژی دەرستەنیە ئەوەندە تەف دەلێمی تە
زادە وئادی زورکەم رەنگ وتامی گوڕاوە
دەستنوێژیش مقصد لە تەلەقەتە ئەم ئاوەدا زنی
بیئالات مامۆستە جوابێکی زور معقولی
دامەوە : وتی رولە دیارە نەخوێندەوەیە
بوچی نازانی ئەم حوضە قولەتینە قولەتین حەیان
بیس ئەوە کەوای وبیور کەرتم کرد .
رۆژێک لە بەر حقادار نەرگوت دانیشتبوم لەگەل ملا
درسی ئەگوتەوە . جار جار دەسی ئەبردە لالای ملی
ئیسیەی ئەگرت وفڕێی ئەدا لە دوقەد لالەیالی

ویلادەتم لە قەزای (هـ) بوو، لە بنەماڵەیەکی هەژار، باوکم لە شەڕی گەورەدا شەهید کرابوو، ئیتر بێکەس و بێ دەرەتان مابوومەوە بەدیار دایکێکی هەژارەوە کە بەهەزار مەشەققەت و کولەمەرگی، نانی هەرزن و بەرماوەی گەورە ماڵان و هێندێ دانەوێڵەی پەیدا ئەکرد هەر بۆ ئەوەی منی هەتیو پێ بگەیەنێ لە مەکتەبدا، کە تازە کرابووەوە لە مەرکەزی قەزادا. بەڵام مەعەلئەسەف ئەم ئاواتانەی بەکورت و کوێری هاتەبەر، هێندەی نەبرد، خوا ئەویشی بردەوە بۆ لای خۆی.

بەم جۆرە منی بێکەس و بێ دەرەتان لە لای چەن بۆرە خزمێکم بەتەنیا لەم دنیایەدا لە ناز و نیعمەتی دایك و باوك کەوتم. ئەم بۆرە خزمانەش لە ئینسانەتی خۆیانەوە بوو، کە نان و پیازێکیان پێ حەڵاڵ ئەبینیم، چونکە لە ڕاستیدا هیچ هەقێکم بەسەریانەوە نەبوو.

کە تۆزێ گەورە بووم و هۆشم کرایەوە، ئەوەندە ئەقڵم بەوە شکا کە ئەرکی بەخێوکردنی خۆم بخەمە سەر شان و بازووی خۆم بەتایبەتی کە خێرا خێرا دەیاندا بەگوێمدا، «هەتیو! شوکور گەورە بوویت، بووی بەپیاو، مەعیشەتی خۆت ئیتر خۆت پەیدای بکە!» وەنەبێت لە لای ئەم بۆرە خزمانەش، مانەوەم بەبەلاش بووبێ، بەڵکو لەو چەن ساڵەی لایان بووم، لە هەموو ئیشێك و

بێگارییەکدا موشارەکەم کردبوو، هەر لە شوانی و گاوانی و عەرد کێڵان و دێراو هەڵدانەوە هەتا شەنوکەو و خەرمان کۆکردنەوە.

بەمانە هەموو مەمنوون بووم، بەو شەرتەی دەرم نەکەن و نانێکی ڕەقم پێ حەڵاڵ ببینن. من هەر خۆم دەیزانم ئەو ڕۆژە چەن خەفەتبار بووم، کە مانەوەم لایان بەو شێوەیەش نامومکین بوو، ناچار ماڵئاواییم لێ کردن.

کە بینیم، ئیتر بێ دایك و باوك، بێ خزم و بێکەس فڕێ درامە ئەم جیهانە سەختەوە بەشوێن ئەرکی نان پەیدا کردندا. هەموو ئەمەلیشم ئەوە بوو کە دوو خەپلەی هەرزن و چایەکی شیرین حەڵاڵ بکەم!

جارێ سەرەتا، ڕۆژە نا ڕۆژێ دەگەڕام بەسەر دووکانەکانی شاردا، ڕۆژێ لای ئاسنگەر، ڕۆژێ لای دارتاش، ڕۆژێ لای پینەدۆز کارم ئەکرد. بەڵام لە چەن عانەیەك زیاتر هیچم دەستگیر نەئەبوو.

کۆنە ئاشنایەکی باوکی ڕەحمەتیم، ڕۆژێ ڕەحمی تلیسایەوە بەرامبەر بەم وەزعە ناخۆشەی من، بیستبووی کە کەمێ خوێندەواری ئەزانم، لەگەڵ خۆیدا بردمی بۆ لای دووکاندارێکی تاجیر، بەو غەرەزەی معاوەنەتی بکەم لە دووکانەکەیدا. بەڵام هەر لە ئەوەڵەوە شعوورم بەوە کرد کە وەستای دووکاندارم، غەلوغەشێکی زۆر ئەکات، بەتایبەتی لەگەڵ ڕەشوڕووتی دەرەوەدا کە ئەهاتن بۆ کڕینی کەلوپەل و شەکر و چایی و شتی کە. لە پاش ماوەیەك، ئەوەندە ئاشنایەتیم پەیدا کرد لەگەڵ وەستامدا کە جاروبار بتوانم، دەمەتەقێیەکی لەگەڵدا بکەم. ڕۆژێکیان لێم پرسی:

– وەستا ئایا بەشەریعەت غەلوغەشکردن لە تیجارەتا حەڵاڵە؟

وەستام کە لەوە دەچوو قەت ئەوەی بەمن ڕەوا نەبینیبێ سوئالی وای لێ بکەم، بەنیوە مۆڕی  و نیوە تەعەجوبێکەوە سەیری کردم و ئەمجا فەرمووی:

– هەرچی تەسهیلی مەعیشەت بکات بۆ خەڵکی جائیزە، بەو شەرتەی قەتڵ و عەرز و نامووس بردنی تیا نەبێ!

– ئەی مەسئەلەی ویژدان چییە؟

– هەتیو لەمە زیاتر قسە مەکە!

مەجبوور بووم بەسکووت. ڕۆژێك پێم وت:

– وەستا من کوێرە خەتێکم هەیە، لەلام وایە ئەگەر حیسابت لەگەڵ هەر کەسێ هەیە لە دەفتەرێکا بینووسم چاکە؟

جوابی دامەوە و وتی:

– عەزیزم، من لە دەفتەر چاکترم هەیە.

هەڵسا چووە پشتی دووکان، گلۆڵەیەك بەنی هێنا کە پارچە کرابوو. هەر پارچەیەکی بەنەوعێ ڕەنگ کردبوو، گرێی بچووك و وەسەت و گەورەی لێ درابوو. وتی:

– ئەمە دەفتەری منە!

کە ئەمەی وت، زۆر حیرەتم کرد. پێم وت:

– مەقسەدت چییە؟

کابرا بەبێ تەئەمول پێی وتم:

– ئەم دەفتەرە هەر یەك ڕەنگی، عەلامەتی ناوی یەك شەخسی قەرزارە، و هەریەك گرێیەکی عەلامەتی میقداری قەرزەکەیە.

– وەستا بەڵکو ئەوەندە ئیسم کە تۆ قەرزت لە لایان هەیە، ئەوەندە ڕەنگ دەست نەکەوێت؟ شەخسێ سێ چوار قەڵەم قەرزارت بێ، بەگرێ جەمعی زەحمەتە، عەلاوەی ئەمانە، زۆر ناویان هەیە، وەك یەك وەهان.

مەسەلا مەحموود کوڕی ئەحمەد وە مەحموود کوڕی قادر، تۆ چۆن لە بەینی ئەم دوو مەحموودەیا فەرق ئەکەیت؟

– بەڕەنگی دەموچاویان من ئەیانناسم، وەمن حیسابی خۆم ئەزانم. کە چاوم کەوت بەقەرزارێ یاخو بەشەخسێ کە حیسابم لەگەڵیا بێت، دڵم خورپەی تێ ئەکەوێت.

– ئەی بەڵکو دوو کەس کە قەرزارت بن یەك دەفعە چاوت پێیان بکەوێت، مەسەلا یەکێ لەوان محەمەد کوڕی یارەوەیسی ناو بێ، وە دەڕووپیە قەرزارت بێ، ئەوی تریان محەمەد کوڕی میر وەیسی ناوبێ، پەنجا ڕووپیە قەرزارت بێ، تەگبیری چییە؟

– ئـیـتـر درێژی مـەکـەرەوە ئـێمـە بـاوك و بـاپـیـرمـان وای کـردووە وە دەوڵەمەنیش بوون.

کە ئەم قسەیەم بیست مەجبوور بێدەنگ بووم، هەر چەند منیش ئەوەندە عاقڵ نەبووم. ئەمما لە دڵی خۆمدا موتەئەسیر بووم لەم تەقلیداتە کە ئەوەندە لە مێشکماندا جێگیربووە کە تەرجیحی[1] نەخوێندەواری بەسەر خـوێـنـدەواریـدا ئـەکـەین. بـاوجوودی هـێشتـا هـەقمـان بـەدەستـە، چـونکـە ئەوەندە کەسمان دیوە کە بەخوێندەوار مەشهوورن وە موعامەلاتیان وەکو ترە، ئـەو عـەنعـەنـاتـی قـەدیمییە[2] وەکو ئـەمـانـە قبـووڵ بکـەین، هـێشتـا هـەقمـان بـەدەستـە. بـەواسیتـەی ئـەوەوە کـە شاگردبـووم و هـەمـوو وەقـتـێ خواردەمەنی و سائیرەم دەبرد بۆ ماڵی وەستام، لە ماڵیاندا مەحرەمیەتم پەیداکرد و هاتوچۆی ماڵی وەستام ئەکرد.

دیـقـەتم کرد وەستـاژن بـەدەرەجـەیـەك حـوکمـی بـەسەر وەستـامـدا هـەیـە فەوقی تەسەور ناکرێ[3]. مەسەلا: ڕۆژێ حوکمی لە وەستام کرد و وتی: «ئەمڕۆ لە حەمام ژنی فلان کەسم دیوە کەوایەکی زۆر جوان و کراسێکی تازەبابەتی لەبەرابوو، بەخوا جوان بوو. دەبێ لەو نەوعە بۆم دروست بکەیت!» وەستای بێچارە لەبەرئەوە کە ئیتاعەتی زۆر بوو، هەرچەندە عمووم سەروەتی هەزار ڕوپیە نەدەبوو، فەورەن بۆی دروست کرد. کە وەقتێ ئەیکردە بەری، ئەوەندە درێژ بوو لە پاش و پێشەوە نیوگەزی بەناو قـوڕاودا ئـەخشا وە لـە مـودەتـێکـی کـەمـدا خـراپ دەبـوو. لـەبـەر ئـەمـە کە سەروەتی کەم و مەسرەفی زۆر بوو، فەقیرە مەجبوور بوو، سبحەینێ کە ئەچوو بۆ دووکان ئەنواعی ساختەکاری و بێویژدانیی ئەکرد، بۆ ئەوەی کە زەرەری شەو، یەعنی دەستە جلەکە پڕ بکاتەوە، حیرەتم لە هەموو شت زیاتر لەیەك مەسئەلە بوو، کە باوجودی ئەو هەموو موحەبەت و ئیتاعەتە

(١) تەرجیح: لاباشتر.

(٢) خووڕەوشتی کۆن.

(٣) ئەوەندە لە ئەندازە بەدەربێت، بەبیر و هۆشی ئادەمیزادا نەیە.

مەحزە[١]، بەعەزەن[٢] وەستا لە وەستاژنم عاجز ئەبوو هەزار قسەی پێ ئەوت کە ئینسان بۆ هیچ کەسێ ئیستعمالی ناکات، وەپێی ئەوت: «من تۆ لە سەگ بەکەمتر ئەزانم، هەر زۆر قسە بکەیت تەقەڵات ئەدەم!» تەعەجوبم ئەکرد کە بەم هەموو ئیتاعەتەوە ئەم هەموو تەحقیراتە بێ مەعنایە، مەعنای چییە؟ بەعەزەن کە ئەچووینەماڵی وەستام تێ ئەفکریم، وەستاژنم بەدەستێ جلی جوانەوە دانیشتووە لە ماڵی نەزافەتدا[٣]، ئەمما حەوشە و ناو ماڵ و خواردنیان لە نیهایەتی پیسیدا بوو.

حەوشەکەیان پڕ لە پیسی و حەوزەکەیان بۆگەن، مەنجەڵەکانیان هەموو ژەنگاوی بوو. بەعەزەن ئەمدی فەقیانەی ئەو کراسە جوانەی، وەستاژنم لووتی پێ ئەسڕێ. ڕۆژێ پێم وت:

– وەستاژن ئەگەر دەستەسڕێ بکڕێ بەچوار عانە بۆ لووت سڕین چاکتر نییە؟ وە ئەگەر ئەم حەوشەیە هەموو ڕۆژێك پاك بکرێتەوە و لەو ئاوە پیسە چێشت لێ نەنێن خۆشترنییە؟

– ڕۆڵە گوێ مەیەرێ تەماشاکە ماڵی فلان و فلان کە لە ئێمەش دەوڵەمەنترن وەهایە. زەرەریش نییە بۆیان!

– ئەی مەسئەلەی حیفزولسیحە[٤] چییە؟

– ئەم قسانە درۆیە و ئێمە باوەڕمان بەم نەوعە شتانە نییە و ئەم قسانە دکتۆرەکان و مەکتەبلییەکان کە کافرن وتویانە وە ئیللا بۆ هەموو نەخوشییەك، دۆعایەك یا شەخسێك[٥]هەیە. نیهایەت ئینسان یا کەللەیەك شەکر بۆ موریدێك یا شەخسێك ئەبات و یاخو نەختێ دانوولە وە یاخو

---

(١) لێرەدا تەواو، ڕووت.

(٢) هیندێ جار (بعضاً).

(٣) لە ئەوپەڕی پاکییا.

(٤) لەشساغی، تەندروستی.

(٥) گۆڕی پیاوی ئاینیی بەناوبانگ، کە خەڵکی دەچنە سەری بۆ دوعا خوێندن و پیرۆزی.

سیـوجگـەرێك بـۆ شەخسێك ئـەبـات و لـە دەست ئـەو نـەخـۆشیـیـە نـەجـاتـی ئـەبێت. تـەمـاشـاکـە عیللـەتی بـاداری کـە گـاورەکـان ڕۆمـاتیزئینی[١] پێ دەڵێن وە هێشتـا دەرمـانـی نـەدۆزراوەتـەوە، هـەر کـەسێ بیبێ ئـەچێتـە سـەر کـانـی بـا[٢] و خـەڵاس ئـەبێ بـەبێ دقتۆر و دەرمـان، ئیتر ئـەوانـەی تۆ ئـەڵێی درۆیـە و بـاوەڕی پێ مـەکـە! بیستومـە نـەختێ خوێندەواری، ئـەگـەر ئـەتـەوێ لـەلای ئێمـە بیت، ئـەم نـەوعـە قسـەی کـافرانـە مـەکـە!

لـە پـاش چـەند مودەتێ کـە تێ فکریم، بـەو نـەوعـە لـە لای وەستـام ئیدارە نـاکـەم. مـەجبوور تـەرکم کرد، چووم بووم بـەپیـاوی تیجـارێ کـە هـەقیقـەت بـەزاهیر پیـاوێکی بـاش بوو، هیچ وەقتێ نوێژ و ڕۆژوی نـەئـەفـەوتـاند و هـەمیشـە مـەشغوولی ویرد خوێندن بوو[٣] ئـەممـا ئـەو گـەزە کـە کوتـاڵی پێ ئـەفرۆشت لـە گـەزی خـەڵقی کورتتر بوو، و هـەر وەقتێ معامـەلـەی تووتن یـا شتێکی تری لـەگـەڵ فـەقیرێك بکردایـە، تێ ئـەفکریم خـەریکـە بـەتـەواوی مـەحوی بکاتـەوە و کـەمـاڵی بێ ویژدانی و بێ ئینسـافیی سـەرف ئـەکرد. ئـەو دیـانـەت و ئـەو خیـانـەتـەی «موسبـەت و[٤] منفی بوون و بووبوو بـەبـاعیسی تـەعـەجوب و تـەحـەیور».

تیجـاری ئـاغـام دوو کوڕی بوو، یـەکێ لـە عومری هـەشت و یـەکێ لـە عومری دە ساڵیدا کـە هیچیـان نـەخوێندبوو. ڕۆژێ عـەرزی ئـاغـام کرد:

– ئـەگـەر ئـەم منداڵانـە بنێری بۆ مـەکتـەب چـاکتر نییـە؟

– هـەتیو دیـارە تۆیش بـەواسیتـەی ئـەو کوێرە خـەتـەوە ئـەحمـەق بوویت. کوڕی من خوێندنی بۆ چییـە؟ ئێمـە کاسبین، هـەقمـان بـەسـەر خوێندنـەوە چییـە؟

من کوڕی خۆم بۆچی ئـەنێرم بۆ مـەکتـەب؟ بۆچی کـافری بکـەم وەکو گـاورەکـان لـە هـاوینـا قـاچ و سـەریـان ڕووت بکـەن؟ ئێمـە هـەر چڵۆن بووین

(١) مـەبـەست: نـەخۆشیی ڕۆمـانتیزمـە.

(٢) شوێنێکـە لـە نزیك سلێمـانییـەوە کـە نـەخۆشی بـادار ئـەچنـە سـەری بۆ چـاکبوون.

(٣) خوێندنـەوەو دووبـارەکردنـەوەی قورئـان و حـەدیس بـەدەنگێکی نزم.

(٤) مـەبـەست لـەوەیـە پێکـەوە نـەئـەگونجـان، نـاکۆك بوون لـەگـەڵ یـەکتر.

ئەبێ وەھابین! ئاغام عەلاوەی تیجارەت فەلاحەتیشی ئەکرد، لاکین خۆی ئاو و زەمینی نەبوو، بۆ فەلاحەت مەجبوور لە موڵکی بەگزادەیەکی دەرڵەمەندا فەلاحەتی ئەکرد وە نەزارەتی جووتەکانی درابووە دەست من، هەموو ڕۆژێ تۆوی جووتەکانی، من ئەمدا بەجوتیارەکان. ڕۆژێ کە چووم تێ فکریم جووتکردنی ڕۆژیان زۆر کەمە و تۆوی زۆر ئەبەن، هیچ دەنگم نەکرد! لە پاش دوو سێ ڕۆژ سبحەینێیەك زوو چووم بۆ تەحقیقاتیان. کە تێ فکریم یەکێ لە جووتیارەکان لە لای عەلافێك سێ مەن گەنمی وا بەدەستەوە و ئەیفرۆشێ، پرسیم:

– ئەوە چییە؟

– هی خۆمە!

–منیش لەبەر ئەوە ئەمزانی مەسئەلە چییە بەتەهدیدەوە پێم وت:

– بەڕاستی پێم بڵێ!

لە پاش ئیلحاحێکی[1] زۆر، ڕاستیی پێ وتم:

– ئێمە قاعیدەمان وایە کە هەرچی گەنم ببەین بۆ تۆو، سلسی[2] ئەفرۆشین بۆ خۆمان.

– ئەمە دوو زەرەری هەیە: ئەوەڵەن گەنمەکە ئەدزن ئەمە زەرەرێك. دووەم، تۆوەکە کەم ئەکەن وە کەمی تیا ئەبێت.

– قوربان جووتیاری هەموو کەس وایە، ئێمەیش وەکو خەڵق.

خولاسە نەزارەتی جووتەکانم کرد تا وەقتی حاسیلات پێ گەیشت و کردمان بەخەرمان.

چەند خەرمانێکی تریش نزیکی خەرمانەکەی ئێمە بوو. وەقتێ کە خەرمانەکان پاك کران و سووربوون، تێ فکریم هەموو فەلاحەکان بەشەو دەستیان کرد بەدزینەوەی گەنم و جۆ.

منیش شەوێك پێم وتن:

---

(١) مەبەست لە سووربوونە لەسەر شتێ، زۆرکردن بۆ هێنانەدیی شتێ.

(٢) ثلث: سێ یەکی شتێ.

– ئەمە داخڵی ویژدان نییە! ئەم ساحیب موڵکە ئینسانەتی کردووە، ئێوە بۆچی دزیی لێ ئەکەن؟

– برادەر، ئەمە کە بەحسی ئینسانییەت و ویژدانکردنە، لێرە پارە ناکات!

تەنیا من نەبێ هەموو دراوسێکانم بەقەدەر ئارەزوو لەو خەرمانانەیان دزی، سەرکاریشمان حازر بوو، ئەمما هەر یەك میقدارێك گەنم و جۆیان دا بەسەرکارەکان. کە کابرای سەرکار هات بەمنی وت:

– بۆچی تۆ هیچ دەنگت نییە؟

– من خیانەت ناکەم!

– باشە چاوت بەخۆت ئەکەوێت!

کە ڕۆژ بووەوە تێ فکریم بەگ تەشریفی هات دوو سێ توولە و تانجیی بەشوێنەوە بوو، لە کەماڵی عەزەمەت و شەوکەتدا، تەماشایەکی خەرمانەکانی کرد. کابرای سەرکار دوو سێ قسەی بەدزییەوە بۆ کرد، تا هاتە سەر خەرمانەکەی ئێمە.

با وجوودی ئەوە کە بەنیسبەت کای خەرمانەکەوە گەنمەکەی ئێمە زۆر بوو، سووریی خەرمانی دراوسێکانم کەمتربوو. کابرای بەگزادە بەبێ تەئەمول دەستی کرد بەحیدەتکردن وتی:

– درۆ ئەکەی دزیت کردووە!

منیش مەجبوور حیکایەتی دزێتیی گەنم و جۆ و بەرتیل خواردنی سەرکارم بۆ گێڕایەوە.

زیاتر حیدەتی کرد(١) و وتی:

– تۆ درۆ ئەکەیت! من پیاوی خۆم ئەناسم دزی لە من ناکەن. ئەمانە هەر ئەو پیاوانەن کە تا ئێستا دە کەسیان بەبێ قەباحەت هەر لەبەر ئارەزووی من بۆیان کوشتووم، وە سەد کاروانیان بۆ ڕووت کردوومەوە و ئەم موڵکانە کە من هەمە لە سایەی چوار پێنج پیاوی وەکو ئەمانەوەیە.

کەوای وت بەحیدەتەوە زیاتر وتی:

---

(١) مەبەست تیژبوون. بۆ تووڕەیی.

– خەرمانەکان دەور بکەنەوە!

لەسەر ولاخەکەی خۆی دابەزی و لە پاش دەورکردنەوەی خەرمانەکان ئەوانەی کە دزییان کردبوو، هەر کەسێ میقدارێکی تریش لەسەر ئیقتراحی سەرکارەکە عەفوو کران بەغەیرەز خەرمانەکەی ئێمە کە بەزیادەوە لێی سەندین، مەعلووم بوو کە سەداقەت خیانەتە و خیانەت سەعادەتە. کە هاتمەوە خزمەتی تیجاری ئاغام ئەم حیکایەتەم عەرز نەکرد.

لە وەقتی هاویندا لەگەڵ ئاغام، چووم بۆ دێهاتی ئەتراف بۆ تووتن کڕین. لەوێ تووتن پێ نەگەیشتبوو. کە لە ڕێگەوە ئەچووینە ماڵی کوێخا، دیارییەکی جوان، بەقەدەر شەئنی کابرای کوێخا دێ بوو، بەناوی خەڵاتەوە تەقدیمی ئەکرد. وە لەگەڵ عمووم ئەهالیدا بەنەوعێ گفتوگۆی ئەکرد بەکەماڵی شیرینی و نەزاکەت وە هەر وەقت بەحسی قیمەتی تووتن بهاتایە پێشەوە، هەزار سوێند و قورئانی ئەخوارد کە "ئەمساڵ تووتن زۆر ڕەزیلە و ئێمە هەمووو مەحو بووینەوە، ئەمما بەهەر قیمەتێ کە ئێوە بڵێن من قبووڵمە، هەر بەشەرتی ئەوە لە یەك لیرە چوار ئانە قازانجم بۆ بهێڵنەوە، لەوە زیاتر، حەرام بێت وەکو گۆشتی سەگ. چونکە ئێوە عمووم ئاشنای قەدیمی منن." منیش لە دڵی خۆمدا لەوەی کە تەسەورم کردبوو ئاغام پیاوێکی بێ ویژدانە پەشیمان بوومەوە، وە زۆر تەقدیری ئاغامم کرد لە دڵی خۆمدا، کە ئەم پیاوە لەم هەموو دێهاتەدا کە گەڕاین لەگەڵ هەموویاندا دۆستایەتی و معامەلەی ئەوەندە لە داخڵی ویژدانایە. خۆلاسە گەڕاینەوە ناوشار لە پاش چەند مودەتێ چووین بۆ تووتن داگرتن، وەختێ کە ئەچووین بۆ سەر کلالاری تووتن بێچارە زەڕاعەکە لە دڵی خۆیدا قەراری دابوو مەسەلا: ئەو کلالاری تووتنەی دە باتمان دەرئەچێ وەختێ کە دەورمان ئەکردەوە شەش باتمان دەرئەچوو.

کابرا خۆی سەرسام ئەبوو وە هەقیقەت منیش زۆر تەعەجوبم ئەکرد ئەمووت «یا ڕەبی ئەمە چی بێ ئایا موازەنەی ئێمە غەڵەتە یا ئیمساڵ باتمان گەورە بووە! مەگەر کە من نازانم و تێ نەگەیشتووم تیجاری ئاغام

بزمارێکی داوه له تۆپی قەپانەکە و ئەنواعی حیلەبازیی تیایدا کردووه بۆ ئەوەی هەمیشە دە باتمان بکات بەشەش باتمان. وەلحاسڵ تووتنمان داگرت، ئەهالی گردبوونەوه بۆ قەتعی نرخ. ئاغام وتی «که چوومەوه مەملەکەت بێن، نرخ ئەبڕین!» که چووینەوه شار له پاش چەند ڕۆژێك بەفر و باران بەشیدەت ئەباری هەموو ئەهالییه بێچارەکان بەلەرزه لەرز و هەموو لەشیان قوڕاوی بوو، هاتن بۆ دەرگای حوجرەی ئاغام.

تەماشام کرد، ئەو سیما بەشووشەی ئاغام بەعەبووسی تەبدیل بوو، ئەو قسه شیرینانەی بوو بەزەهری مار. بەحیدەتەوه پێی وتن:

– ئەم قەرەباڵغە چییه؟ بۆچی هاتوون؟

وتیان:

– قوربان هاتووین بۆ نرخی تووتن بڕین.

که وایان وت، دەفتەرێکی دەرهێنا و وتی:

– مردووتان مریٚ، نرخی چی؟ هەموو قەرزارن! ئەمساڵ باتمانیٚ تووتن دوو ڕوپیه ناکات.

– قوربان ئێمەش فەقیرین مەرحەمەتت ببیٚ!

– لەوه زیاتر قسه مەکەن وەئیللا ئەڵێم بەپۆلیس دەرتان بکات! بڕۆن شکاتم لیٚ بکەن، ئەوسا چاوتان بەخۆتان ئەکەوێت، ئەوانەی ئێوه شکاتی له لا ئەکەن، هەموو شەو له دیوەخانی منا قاوه و چایی ئەخۆنەوه!

هەر که ناوی پۆلیسی هێنا هەروەکو شەیاتین که بیسمیللای لیٚ بکرێت، هەریەك بەلایەکدا ڕایان کرد، وەهایان ئەزانی پۆلیس وەزیفەی مەخسووسی ئەمەته که ئەوان ئەزیەت بدا.

ئەوەنده عەقڵیان نەبوو بڵێن پۆلیس بۆ ئینزباتی مەملەکەتەیه که کەس غەدر له کەس نەکات. منیش له گۆشەیەکەوه دانیشتبووم تا خەڵق ڕۆیشت. بەئاغام وت:

– قوربان ئەم حاڵەته چییه و لەسەر چی عاجز بوویت؟ خۆ تۆ ئەوسا له

دێهاتا زۆر بەشیرینی قسەت ئەکرد؟

– ڕۆڵە تۆ ئەم سەگبابانە ناناسیت، ئەوسا ئەگەر بەشیرینی قسەم نەکردایە تووتنەکەیان نەئەدامێ، ئێستاکە تووتنی خۆمم وەرگرتووە، ئەبێ وابڵێم.

– قوربان لە خسووسی ویژدانەوە چی ئەفەرموویت؟

– قسەی قۆڕ مەکە! ئەگەر لە ساڵێکا دەستی ئەهالی چوار دێ نەبڕم، چۆن ئیدارە ئەکەم؟

– ئەی بۆ ساڵی ئایندە چی ئەکەیت؟

دەستی کرد بەپێکەنین و وتی:

– ڕۆڵە ئەمانە زۆر کەرن! ئەمین بە ئەمساڵ زووتر دێنەوە.

هەقیقەت ئاغام ڕاستی کرد، هەر عەینی ئەو ئەهالییە لە ساڵی ئاتیدا زووتر هاتنەوە بۆ لای ئاغام و ئاغایش عەینی پرۆغرامی تەتبیق کرد و دیسان مووەفەق بوو، زۆر تەعەجوبم کرد، سەبەبی چییە کە ئەم ئەهالییە وا ئەکەن؟ هەر چەندە فیکرم کردەوە هیچم بۆ مەعلووم نەبوو. هەر ئەوەندە تێ گەیشتم کە ئەهالییەکە لەبەر فەقیری مەجبوورن هەر لە زستاندا دەست بکەن بەقەرزکردن لەسەر تووتن وە ئەوەندە عەقڵیان بوو، کە بچن بۆ هەر کوێ هەروەکو ئەم وایە، جا کەوابوو ئەم ناسیاوترە و ئومێدی ڕەحمیان لێ ئەکرد، هەر چەند نەیشیبوو.

«حەیوانە کێوی تەنیا لە یەك پڵنگ ناترسێ با وجوودی حەیوانی، ئەوەندە عەقڵی هەیە کە هەموو پڵنگێك ئەیخوات!». ئەم ئەهالییە فەقیرە و ئەم مەحسوور مانەوەیان سەبەبی چییە وە بۆچی وەهان؟! حیرەتم کرد هەر ئەوەندەم زانی کە نەبوونی مەکتەب و واسیتەی نەخوێندەوارییانە کە ئەحواڵیان وایە. ئەکسەری وەقت تەماشای دەفتەری ئاغام ئەکرد کە لەو شارەوە کە مەوقیعی ئیستیهلاکی تووتنە وە تووتنی بۆ سەوق ئەکەن بۆی ئەهات.

سەرسام ئەمام چونکە بەعزێکی بەتەرك وە بەعزێکی بەسەماح، وە قسمێکی بە(فۆگانی) و... و... لە تووتنەکەی دەرئەچوو، بێچارە ئاغام باوجوودی ئەو هەموو زوڵم و زۆرە کە کردبووی کە وەختی تووتن لە تەرەف تەدبیرچیی ئەو شارەوە بۆی ئەفرۆشرا یا قازانجێکی زۆر کەمی ئەکرد وەیا سەروبەر دەرئەچوو، چونکە ئەو تەدبیرچییە هەرچی ئارەزووی خۆی بووایە ئەوەندەی بۆ ئاغام پارە ئەناردەوە.

ڕۆژێ عەرزی ئاغام کرد:

– ئایا ئەگەر ئێوە کە چەند تیجارێکی دەوڵەمەنن، ئیتیفاق بکەن وە قوومپانییەك[١] تەشکیل بکەن وە لەتەرەف ئەو قوومپانیایەی خۆتانەوە، دوو کەس لەو شارە بەوەکالەت دابنێن، بۆ عموومتان تووتن بفرۆشێت، ماکینە جەلب بکەن و قیسمێ لەو تووتنە بکەن بەپاکەت، ئەو قازانجە بۆ خۆتان بێت باشتر نییە؟ ئێوە کە مادام ڕۆحی ئەم ئەهالییە بێچارەیە دەردەهێنن کە بەئەنواعی ڕەزالەت و فەلاکەت بەخۆی و ماڵ و منالیەوە شەش مانگ خەریکە دە باتمان تووتن پەیا ئەکات وە ئێوە بەم نەوعە لێی ئەسێنن، بۆ خۆتان بێ باشتر نییە لە غەیرە؟

– عەزیزم دیارە تۆیش وەکو مەکتەبلییە شێتەکان وایتە. ئێمە باوك و باپیرمان هەر وەهایان کردووە، خۆشمان ئەبێ وا بکەین!

– قوربان ئەقڵی باوك و باپیرمان بۆ زەمانی خۆیان باش بوو، بەکاری ئێستا نایەت. عەجەبەن تفەنگی قەپاغلی باشە یا موعەدەل ماووزەر و مەترالیۆز و ئەم نەوعە شتانە؟ سواری کەر باشترە یاخو ئوتومبێل؟

– هەزار قسەی وەها بکەیت عەقڵی کۆن لە عەقڵی تازە باشترە!

کە تێ فکریم بۆ ئیلزام و سکووتی ئاغا، سکووتکردن و بێدەنگیبوون لە هەمووی چاکترە. ناعیلاج بێدەنگ بووم.

لە پاش ئەوە چەند مودەتێك لەلای تیجاری ئاغام مامەوە . موازەنەم کرد،

---

(١) مەبەست شەریکەیە.

لە لای ئەو دانیشتن بۆ من فائیدەی نییە. هەڵسام لەگەڵ کاروان لە شار دەرچووم، ڕۆیشتم بۆ قەزایەکی تر کە داخڵی ئەو لیوایە بوو. کە گەیشتمە مەرکەزی قەزا هەقیقەتەن جێگەیەکی خۆش و هەوایەکی لەتیف و باخ و باخچەیەکی جوانی بوو. ئەمما مەعەلئەسەف ناو کۆڵانەکانی لە کەماڵی پیسیدا بوو، پڕ بوو لە مەجاری و ئاوەڕۆ و زبڵ و پیسایی، بەمە هەقیقەتەن دڵتەنگ و عاجزبووم، تێ فکریم بۆچی شوێنێ هێندە باخ و گوڵزاری تیادابێ وە لە جەمالی تەبیعەتدا وەکو بەهەشت بێ، کەچی وا بێ قەدر و قیمەت سەیر بکرێت؟ لە پاشانا تێ فکریم کە ئایا ئەم قەزایە بێ بەلەدیە بێ؟ وە ئەگەر بەلەدیەی تیادا مەوجوود بێت، کێ بێ ڕەئیسی بەلەدیەی؟ ئایا ئەگەر خەڵکی ئەم قەزایە بێت، چۆن ڕیعایەت و چاودێریی ناکات؟

پاش ئەوەی لە چایخانەیەك هێندێ ئیستراحەتم کرد، ئینجا چووم بەشوێن هۆدەیەکدا بگەڕێم بۆ ئەوەی ئیستراحەتی خۆمی تیادا جێبەجێ بکەم. هۆدەیەکم دۆزییەوە بەپارەیەکی هەرزان. شەوێ تێ فکریم کە ئایا لەم قەزایەدا چۆن گوزەران بکەم؟ کە بیرم کەوتەوە خۆ من کوێرە خەتێکم هەیە، ئەی بۆ نەچم بۆ سەرای حکوومەت وە بەئیستدعا نووسین نانێ پەیدا نەکەم؟ پاشان ترسی ئەوەم لێ نیشت کە ئیجازەم نەدەن. بەیانی، بەکەماڵی مەراق و شڵەژاوییەوە، ڕووم لە سەرا کرد. هەر ڕەشوڕووت و لادێیی بوون، وەك شارە مێروولە بەیەکدا ئەهاتن و ئەچوون.

کە چاوم گێڕا تەنها دوو سێ عەرزوحاڵچی مەوجوودن، کە بەسیمایاندا و خەڵکی دەوریاندا، ئەوزاعیانم بەخراپ نەزانی. ئیتر منیش قسوورم نەکرد، هەر لەو نزیکانە چەن تەبەق کاغەز و دوو سێ ئووچ و هێندێ مەرەکەبم کڕی و لە سووچێکی بەر دەروازەی سەراکەدا دەرگا و دووکانی خۆمم دامەزراند. ڕسقی ئەو ڕۆژەم تەنها ئیستدعایەك بوو، بەڵام خوا ئەمیشی بەخێر بۆ نەگێڕام. چاوەڕێی ئەوە بووم، عەرزوحاڵی یەکەمم مەجرای خۆی بگرێت وە ڕەئیسی دائیرە بیخوێنێتەوە.

ئێستایش بۆم حەل نەبوو، ئایا لەبەر خراپیی خەتەکەی من بوو یاخو ڕەئیسی قەزاکە نەخوێندەوار بوو، حاسڵی بەھەر ئەحواڵێك بوو خوێندبوویانەوە، بۆی مەعلووم بوو کە مەسئەلەی ئیستدعاکە لە جیاتی ئەوەی کە بنووسم «حەیوانەکانم ژمارەکراون و دوو جار قۆچانیان بۆ بڕاوە، مەغدوورم، نووسیبووم من دوو تاقم حەیوانم هەیە و هەر تەنیا تاقمێکی ژمارە کراوە. ئیسترحام ئەکەم، ڕەفعی مەغدووریەتم بفەرموون!» ڕەئیسی دائیرەکە ئەمەی دیبوو، بەحیدەتەوە ڕووی تێ کردم.

– کوڕە کابرا تۆ خەڵقی کام وڵاتی؟

– قوربان ئەسڵەن خەڵقی ئەم وڵاتەم.

– ئەم دەستبڕینە چییە؟ تۆ مادام نازانی بنووسی، بۆچی خۆت کردووە بەعەرزوحاڵچی؟ تەماشا کە بەم خەتە پیسە، ئەم ئیستدعایە بێ مەعنایە نووسیوتە؟ لە جیاتی بۆ ڕەفعی مەغدورییەتی ئەم فەقیرە بنووسی، زیاتر مەغدوورت کردووە، هەر ئێستا حەواڵەی پۆلیسخانەی ئەکەم و ئەوراقت لەحەق بگرن. ئەمجا چاوت بەخۆت ئەکەوێت، بەقانوونی عەشایر چۆنت مەحکووم ئەکەم تا ئیتر لەمەولا کەس ئەمانە نەکات! کە ناوی قانوونی عەشایری برد، تەعەجوبم کرد، چونکە بیستبووم قانوونی عەشایر مەخسووسە بۆ ئەوەی کە شەڕێکی موهیم لە بەینی دوو عەشایردا واقیع بێت، قەتڵ و قیتالی تێدا کرابێ بەمەحکەمە قابیلی حەلکردن نییە، یاخود بۆ مەسئەلەیەك کە ئەگەر بەقانوونی مەدەنی بکرێت بۆ سیاسەتی ئەو مەوقیعە زەرەر بێت، ئەمجا بەقانوونی عەشایر ئەکرێت.

زۆر ترسام وتم «ئەم مەسەلەی منە زۆر موهیمە»، بەترس و دڵە لەرزەوە عەرزم کرد:

– قوربان من عەشایر نیم و ڕەئیسی عەشایریش نیم. فەقیرێکم بۆ خۆم کاسبی ئەکەم، من هەقم چییە بەسەر قانوونی عەشایرەوە؟

– ئا کوڕە کێ لەوێیە؟

فەورەن دوو سێ حازربوون، وتی:

– دەی نەختێ دەمولووتی بکوتنەوە!

بێ ئەدەبی نەبێ قەدەرێ دەمولووت و چاوم بەشەقازلە تەئدیب کرا.

ئەوراقەکەمی حەواڵە کرد و دای بەدەستمەوە. کە تێ فکریم ئەو خەتە پیسەی من، هێشتا زۆر لە خەتی ڕەئیس جوانترە. لە دڵی خۆمدا وتم «خودا قودرەت قابیلی تۆیە یەکێ لەسەر خەت ناشیرینی موحاکەمە دەکرێت و یەکێ لەبەر خەت ناشیرینی مەسعوود بووە و بەختیارە؟». حاسڵ بردمیان بۆ پۆلیسخانە، لەوێ تەقریریان وەرگرتم. کابرایەك کە نەختێ دۆستم بوو بوو بەکەفیلم و بەکەمالی عاجزییەوە گەڕامەوە، چوومە ئەو هۆدە خانووەی کە بەکرێم گرتبوو. دانیشتم ئێوارە لەبەر عاجزی نانم پێ نەخورا، شەوێ کەفیلەکەم هاتە لام وتی:

– عەزیزم عاجزی فائیدەی نییە، هەڵسە بڕۆ عیلاجی خۆت بکە!

– عیلاجم چییە؟

– پارەت هەیە؟

– بەڵێ!

– ڕەئیس موعتەمیدێکی هەیە، بچۆ تەشەبوسی پێ بکە!

– ئاخر نایناسم؟

– مەراق مەکە من دێم لە تەکتا.

خۆلاسە هەڵساین چووین بۆماڵی کابرای موعتەمید، کە تێ فکریم دیوەخانێکی درێژی هەیە کە پڕە لە کێچ و ئەسپێ و دووکەڵ ئینسان کوێر ئەکات.

خۆی لە سەدری مەجلیسەوە دانیشتبوو، ماڵاماڵ ئەو دیوەخانە، پڕە لە ئینسانی ڕەشوڕووت. وام بۆ مەعلووم بوو کە هەموویان وەکو من لە موخاتەرەدان، وە بۆ ڕەفعی ئەو خەتەرە کە لە ڕێگایاندایە بەغەریرەز ئەو

دیوەخانە پیسە، مەلجەئی دنیاهێکیان نییە، چونکە هەموو کەس ئینتیزاری ئەکرد کە سائرە[١] هەڵسن وە خەڵوت بێت، منیش لە عەینی ئەو فیکرەدا بووم، ئەمما لەبەرئەوەی کە خۆفی من لە هەموویان زیاتر بوو وە یاخو تەحەمولم بۆ عەزابی کێچ و ئەسپێ و دووکەڵ هەبوو لە هەموویان زیاتر، لە دانیشتدا سوباتم کرد. تا هەموویان هەڵسان، وە بەمەحرەمانە شەرەفیایی حوزووری موعتەمید بووم و ئەوەی لازم بوو جێبەجێم کرد و گەڕاینەوە!

سبەینێ تەماشام کرد کە چوومەوە پۆلیسخانە، گەزی چی و جاوی چی؟ ئەوساکە بەپێوە ئەوەستام، ئێستا دامئەنێن. ئەوساکە بەحاڵ مەیدانی قسەم بوو، ئێستا مونتەزیری گفتوگۆی منن. خۆم پێ نەگیرا لە قۆمیسەرم پرسی:

– ئەمڕۆ خۆم زۆر بەموحتەرەم ئەبینم بەعەکسی دوێنی، ئەمە چییە؟

– بەخوا منیش نازانم! ئەوەندە هەیە ئێستا ئەمرێکمان لە جەنابی ڕەئیسەوە بۆ هات کە فلاّن کەسی ئیستیدعانووس کە ئەوراقی بۆ ئێوە حەواڵە کرابوو، ئەوراقەکانی ئیعادە بکەنەوە بۆ خۆم و زۆر ئیحترامی بگرن! ئێمەش مەجبوور بووین بەئیتاعەتی ئەمر و حەقیقەت ئەم مەسەلەیە وەکو موعجیزە وایە!

ڕاستیشی ئەکرد، قۆمیسەر خەبەری نەبوو، ئەمما خۆم ئاگام لەو موعجیزەی ئەو شەوە هەبوو کە کردبووم.

قومیسەر وتی:

– ڕەئیس وای ئەمر کردووە کە تەشریف بێنن بۆ مەقامی ئەوان! منیش هەڵسام و چووم و ڕەئیس فەوقلحەد ئیحترامی گرتم و ئەمری کرد چاییان بۆ هێنام و پێی وتم:

---

(١) سائرە: مەبەستی لە هەموو خەڵکەکەیە.

– ئیشت چییە بۆت بکەم، ئەوا ئەوراقەکەشم لابردی؟

– قوربان ئیشم هەر ئەوەیە مەئزوونم بفەرموون بۆ ئیستیدعا نووسین.

– عەزیزم تۆ نایزانی من تەگبیری باشترت بۆ دەکەم.

دەرحاڵ ئەمرێکی نووسی کە بەغەیرەز زۆراب ئەفەندی ناو، کە ئەسڵەن خەڵقی ئێرەیە وە ئێستا هاتووەتەوە و خەتی جوانە ئیستیدعا نووسین بۆ هەموو کەس مەمنووعە، منیش بەکەماڵی مەمنوونییەوە ئەمرەکەم وەرگرت و دام بەڕەئیسی بەلەدیە. دوو عەرزوحاڵنووسی فەقیر کە دراوسێی دووکانم بوون و وەجهی مەعیشەتیان تەنها ئیستیدعا نووسین بوو، بەئەمری بەلەدیە مەنع کران! منیش هەر چەند قەلبەن موتەئەسیر بووم بۆیان کە نانم بڕین، ئەمما لەبەر ئەوە وەزعی موحیت وای تەقازی[1] ئەکرد کە هەموو شەخس سەعادەتی خۆی لە فەلاکەتی هاوجینس و هاوزمانی خۆیدا ئەبینێ، منیش سەرفی نەزەرم کرد لە ویژدان و وتم: «بەجەهەننەم ئەمرن لە برسا! بەئیستلاحی[2] کوردی بەگونی بارگیرمەوە! با خۆم مەسعوود بم، ئینسان ئەبێ تابعی موحیت بێ». چەند مودەتێ بەعەرزوحاڵ نووسین مامەوە، لە سایەی ئەو مەسلەکەوە میقدارێ پارەم کۆکردەوە وە بەواسیتەی ئەو پارەیەوە مەغرووربیەتێکی تەواوم لە خۆمدا دەرك دەکرد، وە بەو مەسلەکەی خۆم ڕازی نەبووم، هەموو وەختێ چاوم لە بەرزبوونەوە بوو بۆ جێگای عالی، هەرچەندە ئەو لیاقەتەم لە خۆمدا نەئەبینی. ئەمما چونکە زۆری وام دیبوو کە بەو هەموو جەهالەتەوە، من لەمان عالمتربووم وە مەقامی گەورەیان ئیشغال کردبوو، منیش ئەو ماخولیایە کەوتبووە سەرم و نەمئەزانی چی بکەم؟ ڕۆژێ لەگەڵ کابرای ئاشنام قسەم کرد وتم:

– فلانی من خەیاڵێکی وام هەیە؟ کابرا جوابی دامەوە و وتی:

---

(١) پێویستی.

(٢) مەبەست لە قسەی پێشینانی نێو خەڵکییە کە باوە.

– عەزیزم ئەوەڵەن پێم بڵێ پارەت هەیە یان نا؟

– مەبلەغێکی کافیم هەیە.

– کەوابێ ئیتر هەموو شتێ سەهلە، ئەمما بەعزێ مەسلەك هەیە ئەبێ قبووڵی بکەیت!

– وەکو چی؟

– مەزەرەت بۆ هاوجینسی خۆت، درۆزنی، خیانەت!

– مەعنای ئەمە چییە؟

ئاشناکەم جوابی دامەوە:

– ئەمانە لەم موحیتەدا وەکو شەهادەتنامەی مەکتەب وایە لە سائیری وڵاتانا! هەتا وا نەبی ئومێدی تەرەقیکردن بێ مەعنایە! هەرچەند منیش ئەو مەسلەکانەم زۆر لا ناخۆش بوو، ئەمما ئەوەندە حەزم لە تەرەقی ئەکرد، لە دڵی خۆمدا، قەرارم دا کە وەکو ئاشناکەم وتی وەها بکەم. دەستم کرد بەدرۆزنی و خیانەت و تەتبیقی ئەو پرۆغرامە(١) کە کابرا بۆی دانابووم. هەقیقەت لە مودەتێکی زۆر کەمدا موشاهەدەم کرد کە ئیحترامم قات قات زیادی کرد و هەموو کەس لە جاران زیاتر ئیعتیمادم پێ ئەکات. لەو مودەتەدا کە لەو شارەدا بووم بەموناسەبەتی ئەوەوە کە جێگەکەم نزیکی مزگەوتێ بوو، ئاموشۆی مزگەوتەکەم ئەکرد، مەلای مزگەوتەکە بوو بەئاشنام. جار جار ئەچوومە لای تەماشام ئەکرد ئاوی حەوزەکەی مزگەوت و ناو حەوشەکەی زۆر پیسە، وە هیچ تەماشای نەزافەتی ناکەن و هەتا ئاوەکەی بۆگەنە. دەفعەیەك عەرزی مەلام کرد:

– قوربان بۆچی مولاحەزەی نەزافەتی ئەم مزگەوتە ناکەن؟ مزگەوت ماڵی خودایە و ئەبێ لە هەموو جێگایەك پاکتربێ وە ئەم ئاوە دەستنوێژی دروست نییە، ئەوەندە تف و بەڵغەمی تێ کراوە و، ئاوی زۆر کەمە و ڕەنگ و تامی گۆڕاوە. دەستنوێژیش مەقسەد لە نەزافەتە، ئەم ئاوە ئینسان پیس

(١) مەبەست لەبەر نامەیە.

ئەکات!

مامۆستا جوابێکی زۆر مەعقوولی دامەوە:

– ڕۆڵە دیارە نەخوێندەواری! بۆچی نازانی ئەم حەوزە قولەتێنە؟ قولەتێن چۆن پیس ئەبێ؟

کەوای فەرموو سکووتم کرد.

ڕۆژێ لەبەر هەتاوی مزگەوت دانیشتبووم لەگەڵ مەلا کە دەرسی ئەوتەوە، جار جار دەستی ئەبرد لە لا ملی ئەسپێی ئەگرت و فڕێی ئەدا، لەو وەقتەدا لە ماڵی مەلاوە نانیان هێنا. مەلا بەدەستی نەشۆراوەوە دەستی کرد بەنان خواردن. عەرزم کرد:

– قوربان بۆچی دەستت نەشۆرد؟

– ڕۆڵە هەموو دوو سەعات نابێ دەستنوێژم شۆردووە!

– ئاخر ئێستا ئەسپێت لە لاملت گرت؟

– بۆچی نازانی من سەرەڕای مەلایەتی داخڵی تەریقەی قادریش بووم کە لە تەریقەی قادریدا کوشتنی کێچ و ئەسپێ جائیز نییە، ئەیانگرین و زۆر بەبێ ئەزیەت فڕێیان ئەدەین، ئیتر بۆچی دەستم پیس ئەبێت؟

هەقیقەت تەقدیری مەسلەکی مەلام کرد کە ئەوەندە تەرەفداری موحافەزەی زیڕوحە[1] وە هیچ ئارەزووی زەحمەتی زیڕوح ناکات.

بۆ سبەینێ دووبارە چوومەوە مزگەوت، تەماشام کرد قەرەباڵغێکی زۆر دانیشتوون و مەلا، وەعز[2] دەخوێنێتەوە و ئایەت و حەدیس بۆ ئیسپاتی ئەو قسانە کە ئەیکرد بەدەلیل ئەیهێنێتەوە، یەکێ سڵاوات ئەدات، یەکێ

---

(١) گیانلەبەر.

(٢) ئامۆژگاریی ئاینی.

(٣) داوای بەخشین و لێبوردن لە یەزدان.

(٤) گوێگرەکان.

ئەگریا، یەکێ تۆبە و ئیستیغفاری[٣] ئەکرد. منیش لە بەینی سامیعیندا[٤] لە لای کابرایەکەوە کە زۆر ئەگریا دانیشتبووم. بەکەماڵی مەلامەتییەوە[١] لێم پرسی:

– تۆ کە ئەوەندە ئەگریت ئەڵبەتە لە هەموو کەس چاکتر لە مەعنای ئەم وەعزە و مەعنای ئایەت و حەدیسە تێ ئەگەیت.

جا حەز ئەکەم منیش حاڵی بفەرموویت!

– نەوەڵلا باوکم من نازانم مەعنای چییە، هەر ئەوەنـنە ئەزانم کە عارەبییە!

– ئەمجا کە تۆ مەعنای تێ ناگەیت بۆچی ئەگریت؟

– بیستوومە هەرچی بەعارەبی بێت بەحسی قەبر و قیامەتە!

زۆر تەعەجوبم کرد لەم ئەحواڵە. خۆم پێ نەگیرا و لە وەقتی وەعز خوێندنەوەدا کە مەلا ئایەتێکی خوێندەوە دەرحاڵ عەرزم کرد:

– قوربان چونکە من زمانم عارەبی نییە و مەعنای نازانم، ئەگەر مەعنای ئەو ئایەتە بەکوردی بفەرموون زۆر مەمنوون ئەبم!

هەر کە وەهام وت مەلا هاتە خوارەوە و بەچەپۆك دای گرتم.

وتی:

– کافر بوویت، قسە مەکە!

سائیری خەڵقەکەی تریش بەچەپۆك دایان گرتم و وتیان «بیکوژن ئەم کافرە! غەزایە[٢] «هەر چەندە هاوارم کرد «کوڕە خەڵکە بۆ خاتری خوا من هیچم نەوتووە»»، فائیدەی نەبوو، هەر کەس ئەهات بەچەپۆك پێیدا ئەماڵیم، بەبێ سوئال یاخو تەحقیقات، تا نیهایەت کابرای ئاشنام هات و بەهەر نەوعێ بوو خەلاسی کردم و بردمیەوە ماڵ. تەعەجوبم کرد کە یاڕەبی من چیم کردبێ کە ئەمەم بەسەر هات؟ ئاشناکەم وتی:

---

(١) بەئەوپەڕی خەمبارییەوە.

(٢) تێکۆشان لە ڕێی مەبەستیکی ئایندا.

– عەزیزم تۆ هەقت چییە بەسەر ئەم قسانەوە، بۆچی خۆت خراپ ئەکەیت؟ سوێندم خوارد کە هیچی خراپم نەوتووە.

کابرا وتی:

– ئێستا ئەمانە فائیدەی نییە، هەڵسە عیلاجی خۆت بکە، ڕۆحیشت وا لە خەتەرا!

– تەدبیرم چییە؟

– ڕاوەستە تا شەو؟

ئەو ڕۆژە نەمتووانی بچم بۆ دەرەوە تا شەو، لە شەودا کابرای ئاشنام هات بردمی بۆ ماڵی کابرای مەلا و ماڵی چەن مەلایەکی تر کە لەو شارەدا بوون. تەشەبووسم پێ کردن وە زۆر پاڕامەوە، ڕەفیقەکەم دەستی کرد بەچەقەکردن لەگەڵیاندا و ئەوەی لازم بوو کردی، نیهایەت عەفوویان کردم.

ئەمجا هێنامیان شایەتمانیان پێ هاوردم و دینیان تازە پێ کردمەوە. لەمەوپێش بەحسم کرد کە خەیاڵی گەورەیی و مەئمووریيەت کەوتبووە سەرم، تیکرار سوئالم کردەوە لە ئاشناکەم کە تەدبیری من چییە؟

وتی:

– ئەو مەسلەکانە کە پێم وتی قبووڵت کردووە؟

– لەوانیشە زیاتر.

– جا کەوایە دەست بکە بەئامشۆکردنی ئیش بەدەستەکان و مەدح و سەنایان، جار جار دیاریشیان بۆ ببە! ئیتر سەهلە.

هەقیقەت نەسیحەتی ئاشناکەم ڕاست بوو. مودەتی مانگێ دەستم کرد بەمەدح و سەنا و ئاموشۆکردن و دیاری بۆ بردنیان. ڕۆژێك بانگیان کردم وتیان «وەزیفەی تەحسیلداری مونحەللە(١)، ئیستیدعا بنووسە و داوای بکە!».

(١) مەبەست بەتاڵە، کەسی بۆ دانەنراوە.

فەورەن ئیستیدعایەکم نووسی.

هەقیقەت لە پاش چوار ڕۆژ تەعین کرام و موباشەرەتم بەوەزیفە کرد. ئەمجا دەست لە من و قووەت لە خودا، دەستم کرد بەئەهالی ڕووتاندنەوە. کە وەقتێ ئەچووم بۆ دەرەوە دەفتەرەکەم لە بەردەمی خۆمدا دائەنا، دەستم ئەکرد بەتەحسیلات[١] ئەوەی کە چوار قڕانی لەسەربوو، شەشم لێ ئەسەند و عیلم و خەبەری[٢] دوو قڕانم ئەدانێ، چونکە عمووم نەخوێندەوار بوون و نەیانئەزانێ.

دەفعەی دووەم کە ئەچوومەوە ئەو دێیە هەر لە عەینی ئەو پیاوە کە چوار قڕانی لەسەربوو شەشم لێ سەندبوو، تیکرار داوای سێ قڕانی ترم لێ ئەکرد. کابرا ئەیوت:

– ئەفەندی چی بوو هەر تەواو نەبوو؟

– کورە سەگباب هێشتا لە کوێتانە؟

دەستیان ئەکرد بەهاوارکردن و پاڕانەوە، منیش لە جیاتی ئەوەی ڕەحمیان پێ بکەم، ئەمرم ئەکرد بەو پۆلیس و قۆڵچییانەی کە لە مەعییەتما بوون، دەستیان ئەکرد بەلێدان و فەلاقەکردن. ئەهالییە مەزڵوومەکە بەمریشك سەربڕین و جۆ لێسەندن بۆ وڵاخەکانمان و لە دوای لێدانێکی زۆر تەحسیلاتەکەم بەهەوەسی خۆم ئەکرد.

ئەهالیی بێچارە ئەچوون بۆ شکات و لە مەرکەز ئیستیدعایان[٣] لێ ئەدام، بەیانی غەداریی منیان ئەکرد، ئەمما بێ فائیدە بوو، چونکە هەموو ما فەوقەکانی[٤] خۆم تەرەفدارم بوون و من لە پێش ئەواندا ئیشی خۆم

---

(١) باج کۆکردنەوە.

(٢) وەسل (وەرگیراوە) بۆ پارەیەك کە سێندراوە.

(٣) لێرەدا مەبەست لە شکاتکارییە دژی یەکێك.

(٤) ئەوانەی بالاترن، زلترن بەئیشی میری.

مـەحـکـوم کـردبـوو، ئـیـتـر بـەمـەئـیـووسـی ئـەگـەڕانـەوە. جـا ئـەمـجـارە کـە ئەچوومەوە لە هەق ئەو شکاتەدا کە کردبوویان، زیاتر لە جاران غەرامەم ئـەدان. خـۆلاسـە بـەم نـەوعـە مـودەتـێ دەوامـم کـرد، کـە تـێ فـکـریـم بـووم بـەسـاحـیـبـی شەشسەد حـەوتـسـەد لـیـرەی خـۆم، ئـەمـجـا بـەتـەواوی خـەیـاڵـی گەورەییم کەوتە سەر و بەئەو مەسلەکەی خۆم ڕەزا نەبووم، چونکە لە دڵی خۆمدا ئەموت «واسیتەی تەرەقیی ئەم زەمانە، ناڕاستی و نەخوێندەواری و سـاحـێـب پـارەیـیـیـە، مـن هـەر سـیـانـیـانـم هـەیـە، ئـیـتـر بـۆ چ بـەم وەزیـفـە بچکۆلەیە ڕەزا ببم؟» بەشەو و ڕۆژ لەبەر ئەو مەراقە خەو و ئیستراحەتم نەبوو، هەر لە ئەو ڕۆژانەدا بۆ بەدبەختیی من مەئموورێکی تەحقیقات[1] بۆ تەماشاکردنی ئیشوکاری عموومیی قەزاکە هات، هەرچەند لە پێش هاتنی ئەودا، لە مەرکەزی لیواوە بەسیرِی ئەخبار کرابووین وریایی خـۆمـان بـکـەیـن، ئـێـمـەش بـەعـمـوومـی هـەرچـی لازم بـکـا بـۆ تـەنـزیـمـاتـی ئیشوکاری خۆمان لە پێش ئەودا کردمان، مەسەلا ئەوسا کۆڵانەکان کە پڕبوون لە پیسی، لە تەرەف بەلەدیەوە بەدەرەجەیەك پاك کرانەوە. دائیرەی ئێمە کە دەفتەر و ئەساسێکمان نەبوو، شتێکمان دروست کرد، سندووق کە خاڵی بوو هەمووی درابوو بەقەرز، پارەمان بەقەرز هێنا و خستمانە ناوی، لیباسسمان کە هەموو پیس وچڵکن بوو، لیباسی جوانمان کردە بەرمان، ئەوسا کە قسەی خۆشمان جنێو و شەق بوو لەگەڵ ئەهالی، ئەمجا کەوتینە میهرەبانی و زبان شیرینی.

ئەمما مەئمووری تەحقیقات چونکە خەڵکی موحیتی[2] خۆمان نەبوو وە لە جێگەیەکی دوو مانگ ڕێگاوە هاتبوو، بەپارە یا بەدەعوەت ئیقناع نەئەبوو، تەحقیقاتێکی زۆر بەشیدەتی ئەکرد، وە چەن کەسێکی دەست لە ئیش کێشانەوە و ئەوراقی لەهەق گرتین کە یەکێ لەوانە من بووم، هەر

(١) لێپرسینەوە.

(٢) مەبەست لە ناوچەیە.

چەند ئەویشی هێشتا بەتەواوی نەیکرد. هەر خەریکی مەئموورە پچکۆلەکان بوو، دەستی لە گەورەکان نەدا، ئەگەرچی خۆیشی زۆر چاك ئەیزانی هەموومان وەکو یەك وەهاینە، بەڵکو گەورەکانمان خراپترن، چونکە مەسەلەی مەشهورە (گەورە ئاو ئەڕێژێ بچووك پێی لێ ئەخا).

نازانم لەو ڕۆژە سیاسەت وەها ئیجابی ئەکرد کە دەست لەوان نەدا، یا زۆر بەگەورە و موهیم هاتبوونە بەرچاوی و وەهای ئەزانی کە ئەگەر دەستیان لێ بدات دنیا ژێراوژوور ئەبێت، ئەگەر چی هیچی تێدا بەسەرنەبوو، موداخەلەی[1] ئەوانی نەکرد. وەلحاسڵ ئەوراقی بۆ گرتین و تەودیع[2] بەمەحکەمە کراین، هەرچەند هەرچی ئەوراقێکی لە هەقمان گرتبووی ڕاست بوو. ئەمما لەبەرئەوەی کە لە وەقتی خۆیدا ئەهالیمان چاك ترساندبوو، لە پاش ڕۆیشتنی ئێمە ڕەفیقەکانمان کە ئامیری ئێمە بوون بەوەزیفەوە لە قەزادا مابوونەوە، بەدزییەوە شەو و ڕۆژ تەهدیدی ئەهالییان ئەکرد کە شەهادەت لە عەلەیهیی[3] ئێمە نەدەن. هیچ کەس شەهادەتی نەدا، مەحکەمە مەجبوور بوو بەتەبریەکردنمان. ئەمما مەئمووری تەحقیقات پیاوێکی گەورە بوو، ئیسراری ئەکرد لەسەر عەزلی ئێمە، چونکە بۆ خیانەتمان قەناعەتی ویژدانی حاسیڵ بووبوو. لە پاش تەبریەکردن عەزل کراین هەر کەس چووین بەوڵاتێکدا، منیش گەڕامەوە ئەو جێگەیە کە لەوە پێش تیادا مەئموور بووم. مودەتێ بەبێ ئیشوکاری سووڕامەوە، شەرمم ئەکرد ئیستیدعانووسی بکەم، چونکە لە حەیاتی تەحسیلداریمدا وەکو حاکمێکی بالاستقلال[4] بووم، ئێستا چۆن عەرزوحاڵنووسی بکەم؟ کە تێ فکریم ئەگەر هەروەها بمێنمەوە خراپە،

(١) مەبەست لە دەستکارییە.

(٢) تەودیع: درا.

(٣) لە عەلەیهی: لە دژ.

(٤) بالاستقلال: سەربەخۆ بووم.

فیکرم کردەوە کە چی بکەم چاکە؟ لە دڵی خۆمدا قەرارم دا کە مەسەلەی میللەت بگرم بەدەستەوە و خۆم بکەم بەوەتەنی. ئەمجا دەستێ لیباسی سویلی[1] زۆر جوانم لەبەرکرد و وەکو پیاوێك کە لە مەکتەبێکی عالی نەشئەتی[2] کردبێ، خۆم بەلیباس ڕازاندوە و باستۆنێکی[3] باشم گرت بەدەستەوە، جانتایەکم پڕ کرد لە کاغەزی سپی و کتێب کە ئەکسەریانم نەئەزانی خۆم بیخوێنمەوە، خستمە بن دەستم و دەستم کرد بەگەڕان بەناو بازاڕ و ماڵان وە قاوەخانانـدا، لە هەر کوێ دائەنیشتم دەستم ئەکرد بەباسی وەتەن و ئیستقلالییەت وە لەزەتی سەربەستی و ئازادی. هەموو ڕۆژێك غەزەلێکم ئەنارد بۆ مەتبەعە، بەعزەن مەقالەیەکم ئەنووسی ئەگەرچی هیچ کامیان لە قەڵەمی خۆم دەرنە ئەچوو.

بەشەو لای شەخسێك ئەمنووسی وە لەبەرم ئەکرد وە بەڕۆژ نەشرم ئەکردن. بەعزەن خەڵقم کۆ ئەکردەوە وە دەستم ئەکرد بەباسی ئیستقلالییەت وە جاربەجار بەشەودا بەیاننامەم ئەنووسی لە عەلەیهیی حکوومەت بەئیمزای موستەعار[4] وە فرێم ئەدا بەناو کۆڵانەکاندا، بەم نەوعە مەشهوور بووم بەپیاوێکی زیرەك و وەتەنپەرست، بۆ خۆم ناوێکم پەیدا کرد، ئایا حکوومەت ئایا ئەهالی، بەپیاوێکی فەوقەلعادەیان[5] ئەزانیم، بێ خەبەربوون کە پرۆغرامی من هەر ئەوە بوو کە تەعین بکرێم بەمەئموور و تیکرار دەست بکەمەوە بەخواردنی خوێنی میللەت، وە پارە گلێر[6] بکەمەوە بۆ خۆم. چەند مودەتێ بەم نەوعەش مامەوە کە تێ فکریم

---

(١) سویل: سپۆرت. جلی ئەفەندییانە.

(٢) نەشئەتی کردبێ: دەرچوو بێ.

(٣) باستۆن: گۆچان.

(٤) خواستەمەنی.

(٥) زۆر گەورە.

(٦) کۆکردنەوە.

زۆر بەموهیم و گەورە کەوتوومەتە پێش چاوی حکوومەت و ئەهالی. هەر ڕۆژێك لــە تــەرەف پــیــاوێکــی گــەورەوە دەعــوەت ئــەکــرام، و هــەر وەقت تەسادوفی پیاوێکی گەورە و سیاسیم بکردایە زۆر بەدیقەت گفتوگۆی ئەکرد لەگەڵما، چونکە هەروەکو تووتی ئەو چەند قسەیە کە فێر بووبووم تیکرارم ئەکردەوە، وای ئەزانی کە من پیاوێکی زۆر موهیم و سیاسیم وە عەمدەن[١] قسە ناخەمە دەرەوە، بێ خەبەر بوو کە بەغەیرەز ئەو چەند کەلیمەیە هیچ نازانم و قسە نەکردنم لەبەر هیچ نەزانییە. لە پاش چەن مودەتێ، ڕۆژێك کە لە ماڵەوە دانیشتبووم، تێ فکریم ئەمرێکم بۆ هات کە جــەنــابــی زۆراب ئــەفــەنــدی بــەڕەئــیــسی قــەزای خــۆرنشین تــەعین کراوە، حەرەکەت بکا بۆ سەر وەزیفە وە عەجەلە موباشەرەت بەئیشی ئیشعار[٢] بکات. فەورەن حەرەکەتم کرد بۆ وەزیفە.

لــە پــێشدا تــەلــغــرافــم نــووسی، ڕۆژی مواسەلەتم بەیان کرد، ئەو ڕۆژە گەیشتمە مەرکەزی قەزا تا مەسافەی نیو سەعات ڕێگا، هەموو ئەهالی و ئەشرافی مەملەکەت هاتن بەپیرمەوە، منیش لە کەماڵی عەزەمەتدا[٣] لە ئوتومبیل دابەزیم و مەرحەبا و سەباح خێرم لەگەڵ ئەشراف و ئەهالی کرد. چوومە سەرا بەبێ ئەوەی چاوم کەوتبێ بەڕەئیسی پێشوو، بەبێ ئەوە بیناسم لە خۆمەوە قینم لێ هەڵگرتبوو، ئەم پرۆغرامەم بۆ خۆم دانابوو کە هەرچی ئەو کردبووی بەعەکسی ئەو معامەلە بکەم. کە گەیشتمە مەقام[٤] ئەوەڵ قسەم ئەمە بوو کە ئەم ئەسکەملە و ما هەیە بۆچی وا دانراون؟ دیارە ئەو کەسە کە عەقڵی نەبوو.

---

(١) بەقەستی.

(٢) مەبەست لە ئاگاداریکردنە!

(٣) بەوپەڕی فیز و گەورەیییەوە.

(٤) بارەگای میری، سەرا.

(٥) لێی ورد بمەوە.

فەورەن ئەمرم کرد، بەعەکسی جارانەوە مێز و ئەسکەملییەکەیان دانا و دانیشتم بەبێ ئەوەی موازەنەی بکەم[٥] یا بیانناسم، لەوە پێش هەر کەس کە بیستم دۆستی ئەو بووە وەکو دوژمن سەیرم ئەکرد.

لە پاش چەند ڕۆژ مانەوەم هەرچی عادەت و سیاسەتی ئەو بوو بەکوللی تەغەیورم[١] کرد.

هیچ تێ نەئەفکریم کە ئێمە هەردووکمان خزمەت بەیەك حکوومەت ئەکەین و هیچ عەداوەتێکمان لەمەوپێش نەبووە، بۆچی وا بکەم بەڵکی عەقڵی ئەو لە من چاکتربووبێ، بۆچی چاك بەخراب تەبدیل بکەم؟ هەر لە خۆمەوە بووبووم بەدوژمنی ئەگەرچی خۆیشی لەوێ نەبوو. عەجایب لێرەدایە هەر وەقت چاوم بکەوتایە بەمنداڵێکی مەکتەبلی ئەگەر ئەولادی خۆیشم بووایە، حەزم ئەکرد بیکوژم، چونکە وەهام موازەنە[٢] کردبوو کە ئەگەر ئەوانە گەورە ببن وەزیفە دەست ئێمە ناکەوێت، با خسووس، لەوان زیاتر ڕقم لە موعەلیمەکان بوو. لە دڵی خۆمدا ئەموت «ئەم شەیتانانەی خراپن، هەر ئەمانەن کە نەشری معاریف ئەکەن وە ئاخری[٣] خاتیمە ئەدەن بەم ئەحواڵە وە نانمان ئەبڕن». ئەمما دڵم زۆر قایم بوو بەئەوە کە ئەوەندە خەڵق لە خسووسی ڕەغبەتکردن بەمەعاریف[٤] ساردبوون، ئەمزانی تا من حەیاتم هەیە ئەوە نابینم وە هەمیشە ئەکسەرییەت[٥] بەتەرەف خۆمانەوە ئەبێ، چی بکەم دەسەڵاتم نەبوو کە هەرچی مەکتەبی ڕەشوڕووتەکان هەیە دایبخەم و ئەم خەتەرەیە لە دڵی خۆم لا بدەم؟

---

(١) بەتەواوی گۆڕیم.

(٢) وەهام لێك ئەدایەوە.

(٣) کۆتایی دەهێنن.

(٤) خوێندەواری و ڕۆشنبیری.

(٥) زۆربەی خەڵکی.

دڵخۆشیی خۆم بەئەوانە دایەوە. حاسڵی لە دوای چەند ڕۆژێك دەستم كرد بەتەتبیقی پرۆغرامی پێشوو، یەعنی خوێنی ئەهالی گرتن وە پارە بۆ خۆم گلێركردنەوە. هەموو ڕۆژ ئەمرێكی بەشیدەتم(١) ئەدا بۆ كۆكردنەوەی حاسلاتی ئەو ساڵە. تەسادوفەن(٢) حبووبات، یەعنی ڕزق قیمەتی نەئەكرد وە ئەهالی هەموو ڕۆژ ئیستیدعایان ئەنووسی كە ئیمساڵ ڕزق قیمەت ناكات، ئیستیرحام(٣) ئەكەین حكوومەت سەبرمان لێ بكا، بێچارە ئەهالی وایان ئەزانی ڕزق هەرزان بووە، نەیانئەزانی پارە گران بووە، چونكە قاعیدەیە، هەر شتێ كەمبوو گران ئەبێ، سەبەبی گرانیی پارەشیان نەئەزانی، منیش نایزانم، با وجوودی ئەو هەموو ئیستیدعایە و پاڕانەوەی ئەهالی، من بۆ تەحسیلات ئەمری بەشیدەتترم ئەنووسی. لە دڵی خۆمدا ئەمووت «من هەقم چییە، هەر ئەوەندە خۆم تەقدیر بكرێم، ئیتر با هەزار فەقیر بمرێت لە برسانا یا بەدەم شەقی مەئموورەوە هەر هاوار بكەن». بەعزەن لەبەر بێتاقەتی و موحتاجی تەنهایی بووم، بەتەنها ئەچووم بۆ سەحرا. چونكە وەقتی بەهار بوو وە هەموو كەس ئێواران ئەچوو بۆ دەرەوە، تەسادوفی زۆر جەمعیەتم ئەكرد كە دانیشتوون دەستە دەستە. بەعزێك عەرەقیان ئەخواردەوە، بەعزێ خەریكی تریاك و بەعزێ خەریكی بەنگ كێشان بوون، تاقمێ عەرەقخۆر لەسەر سەوزەگیا دەنكەكوولەكە و گۆشتی برژاویان دانابوو، هەر جارێ پیاڵەیەكیان هەڵبگرتایە، هەر كەس بەئەوی تریانی ئەوت «ئەمە بەشەرەفی تۆوە» یەكێ ئەیوت «بەناموسم ئەم جەمعیەتەم(٤) لە برای خۆم لا موحتەرەمم و عەزیزترە». یەكێ لە سیاسەت قسەی ئەكرد، یەكێ لە فەلسەفە بەحسی ئەكرد، زۆر مەجلیسێكی

---

(١) توندوتیژ.

(٢) بەڕێكەوت.

(٣) داوای بەزەییە و ڕەحم.

(٤) كۆمەڵی دانیشتوان.

خۆشیان بوو، ئەموت «ئەمانە وەکو برا وەهانە، هیچ وەقتێ عاجز نابن، وە لە ئەهلی ئەم عەسرە ناکەن».

تاقمێ بەنگکێش هەر لە خۆیانەوە پێ ئەکەنین، نازانم پێکەنینیان بەوەزعیەتی حازرە[1] ئەهات یا بەوانەی کە عاقڵن و ئیدیعای بەشەرییەت[2] ئەکەن، وە یاخود بەخۆیان پێ ئەکەنین لە خۆشیانا کە ئەو مەسلەکەیان قبوڵ کردووە و وەکو بەعزێ کەسی عاقڵ خۆیان دووچاری فیکرکردنەوە وە یا خەیالاتێ نەکردووە، بەهەر کامیان پێ کەنیبن هەقە. ئەمما تاقمی تریاککێش کە یەك لەسەر یەك نەفەسیان لێ ئەدا وە چایی شیرین و پڕ ڕەنگیان ئەخواردەوە، مات و مەلوول دانیشتبوون وە قەتعەن سەدایان نەبوو وە حەتا لە دەنگی خەڵقی عاجز بوون. نازانم ئەو مات و مەلوولییە کە بوویان چی بوو؟ فیکرمان لەوە ئەکردەوە کە بۆچی خۆیان موبتەلا[3] کردبوو بەئیستیعمالی ئەو زەهرە کە حەیاتی عەزیزی ئەوانی مەحوو کردبووەوە، یاخو موازەنەیان ئەکرد بزانن تریاك کە بۆ تەداویی سحەتیان ئیستیعمالیان کردووە، تەئسیری بەخشیوە یان نا، چونکی ئەکسەری ئەوانە کە موبتەلا بوون بەئیستیعمالی تریاك بەبەهانەی نەخۆشییەوەیە، کە لە پاشاندا موبتەلا بوون و لە میعادی خۆیدا ئیستیعمالیان نەکرد وجوودیان تێك ئەچێت، هەر کە ئیستیعمالیان کرد، فەورەن وجوودیان چاك ئەبێتەوە.

جا لەبەر ئەوەیە کە بۆ هەموو عیللەت بەدەرمانی ئەزانن. ئایا هەر لە ئەوەڵەوە فێر نەبن چاکتر نییە؟

عەودەتم کردەوە ناو شار، سبحەینێ کە چووم بۆ سەرا، هەموو عەرەقخۆرەکانم لە ساڵۆنی مەحکەمەدا چاو پێ کەوت، یەکێ سەری

---

(١) باری ئێستاکە.

(٢) مرۆڤایەتی.

(٣) گیرۆدە، دووچار.

شکابوو، یەکێ دەستی، یەکێ خەنجەرێکی پێوە بوو، حاسڵی، هەر یەك بەنەوعێك بریندار بوون، زۆر تەعەجوبم کرد.

لە فەراشی مەحکەمەم پرسی:

– لام مەعلووم بکە ئەمانە چییە؟

– قوربان ئەمانە دوێنێ عەرەقیان خواردووەتەوە و لە ئەسنای[١] سەرخۆشییا شەریان بووە لە ناو خۆیانا.

زۆر تەعەجوبم کرد، نەتیجەی ئەو هەموو موحیبەتەی دوێنێ کە من لەوانم دی، بۆچی وای لێ هات؟ مەعلووم بوو ئەو موحیبەتەش هەر خەیاڵی سەرخۆشی بووە.

ئەڵبەتە شتێك کە عەقڵ زایل بکا نەتیجەی هەروەها ئەبێت. تەسادوفەن، ئێوارەیەکی تر چووم بۆ سەحرا، تێ فکریم لە کەناری ئاوێکی پاك و سەوزەگیایەکی جواندا دەروێشێك دانیشتووە کە سیمای شەهادەتی ئەدا پیاوێکی عاقڵ و تێ گەیشتووە. چووم سەلامم کرد وە جوابی دامەوە. لەلای دانیشتم، ئەو هیچ قیامی لەبەر نەکردم، من لە دڵی خۆمدا پێم ناخۆش بوو، وام زانی لەبەر کوسرەتی[٢] تەفەکور بوو، ئەمما لە پاش چەند دەقیقە بۆم مەعلووم بوو لەبەر لاقەیدییە[٣] لە دنیا. لە پێش ئەوەدا کە من قسە بکەم رووی تێ کردم و وتی:

– برادەر لە زەمانی قەدیمەوە شاعیر و فەیلەسوفەکان ناوی دنیایان بەپیرەژن بردووە، ئەمە لە لای تۆ سەحیحە یا نە؟

منیش چونکە هیچم لێ نەئەزانی وتم:

– چیت عەرز بکەم؟

---

(١) لە کاتی.

(٢) کوثرە: کثرە . زۆر.

(٣) لا قەیدییە: بێ پەیوەند، کەمتەرخەمی.

– عەزیزم دنیا پیر نەبووەوە، چونکە مەعنای پیر ئەوەتە کە ئینسان پیربوو، قووەتی هەموو ئەعزای کەم ئەبێ، هەر کامیان لە وەزیفەی خۆیاندا، تۆ تەماشا بکە! بزانە ئەم دنیایە هیچ لە وەزیفەی خۆیدا، یەعنی لە پەروەردەکردنی ئینسان و حەیوانات و نەباتاتدا کەمی کردووە؟ لاکین ئەوەندە هەیە، خۆمان پیر ئەبین، لە کار ئەکەوین و ئەمرین قەباحەت ئەخەینە سەر دنیا. بەپێچەوانەوە دنیا هێشتا منداڵە، چونکە ڕۆژ لە ڕۆژ وا لە تەرەقیدا وە هێشتا تەکاموڵی نەکردووە، لەوانەدا کە ئەو پەروەردەیان ئەکا قیسمێکی ئینسانە کە گوایا لە هەموو ئەو شتانەی کە ئەو پەروەردەی کردوون حیس و عەقڵیان زیاترە، با وجوودی ئەو هێشتا قیسمێکی زۆر لە ئینسان وان لە حاڵەتی وەحشەتدا کە زۆریان ماوە تەکامول[1] بکەن، ئەوانەیشیان کە لایان وایە خۆیان تەکامولیان کردووە، هێشتا لە لای من وەها نین، چونکە ئەگەر وەها بوونایە، ئەوەڵ وەزیفەی تەکامولی ئەوانە دۆست بەهەموو بەنی نەوعی خۆت، ئەبوایە سەعییان بکردایە ئەوانەی کە هێشتا لە حاڵەتی جەهالەتدا ماونەوە تەکامولیان پێ بکەن، ئایا منداڵێکی نەفام کە لەلەی لە گەڵدا بێت؟ شتێکی خراپ بکات یا دەستی خۆی بسووتێنێ، خۆی مەسئوولە یا لەلەکەی؟ تەبیعی ئەگەر بیزانیایە ئاگر دەست ئەسوتێنێ، دەستی خۆی نەئەکرد بەئاگردا! کە وابوو کابرای لەلە[2] مەسئوولە. ئایا مەعنای تەکامول ئەوەتە ئینسان هەر بۆ خۆی هەوڵ بدات؟

بەیاناتی دەروێش تەئسیرێکی گەورەی کرد لە دڵمدا وتم:

– بۆچی تەشریف ناهێنی بچین بۆ ماڵی ئێمە؟ من ڕەئیسی ئەم قەزایەم، ماڵی جوان و خۆراکی باش و نوێنی پاکم هەیە و چەن ڕۆژێك خزمەتت بکەم؟

---

(١) تەکامول: پێگەیشتن.

(٢) ئەو کەسەی پەروەردەی منداڵ ئەکات.

(٣) موتلەقەن: بەتەواوی.

جوابی دامەوە وتی:

– هیچ وەقتێ باوەڕناکەم لەم جێگەی خۆمە خۆشتر بێت. چونکە ئەو فەرش و نوێنی تۆیە موتلەقەن[٣] هەقی غەیری وا بەسەرەوە. ئەو نانی تۆیە بەتەحقیق لە نەتیجەی زوڵمێکەوە پەیدا کراوە. ئەو خانووە جوانە، ئەمینم کە زۆر کەس بەناڕەزامەندی ئیشی تیادا کردووە، کە لە ئۆدەکانیدا دائەنیشی زۆر مەحدوود ئەبینی، یەعنی هەر چاوت وا لە دیوارەوە وە تەجەمولاتی ناویەوە. ئەمما لەم سەوزە گیایە کە من لە سەری دانیشتووم، لە قودرەتی سانعێکی بێ منەتەوە دروست کراوە کە موحتاجی هیچ نییە، وە ئەم ئاوە موباحە[١] بەم پاکییە بەپێش چاومدا ئەڕوات و مەنزەرەیەکی زۆر جوان تەشکیل ئەکات، ئەویش بەقودرەتی سانعێك کە فەوقی هەموو عالەمە، لە نەتیجەی بارانەوە پەیدابووە، تەماشای ئەم فەزای[٢] ناموتەناهییە ئەکەم زۆر لە سەیری ئۆدەکەی تۆ جوانترە، چونکە ئیحتیمالە وەقتێ تۆ سەیری ئۆدەکەت ئەکەیت بەعزێ شتی تیادا ئەبینی کە هینی غەیر بووە، وە لە نەتیجەی زوڵمێکەوە پەیدات کردووە، ئیحتیمالە ویژدانت موعەزەب ببێ، ئەمما من کە سەیری ئەم فەزا ناموتەناهییە[٣] ئەکەم کە هەقی غەیری تیایدا نییە ویژدانم موستەریحە و زۆر پێی موتەلەزیز[٤] ئەبم کە سەیری ئەم مەوجووداتە ئەکەم کە چەن نەوع مەخلووقاتی تێدا خەڵق کراوە. جا لەبەر ئەمانە من ناتوانم بێم بۆماڵی ئێوە!

بەیاناتی دەروێش تەئسیرێکی گەورەی کرد لە دڵمدا. خودا حافزیم لێ

---

(١) موباح: حەڵاڵ.

(٢) فەزا: ئاسمان، بۆشاییی کردگار.

(٣) بۆشاییی کردگاری بێ پایان.

(٤) موتەلەزیز: چێژ وەرگرتن، خۆشی وەرگرتن.

(٥) پارچە.

کرد و بەمات و مەلوولی عەودەتم کردەوە بۆ ماڵێ. لەو مودەتەدا کە لەسەر ئەو وەزیفەیە بووم، کابرایەك دوو سێ قەتعە[٥] موڵکی بوو لە خاریجی مەرکەزدا و بەمەسافەی دوو سەعات ڕێگا دوور. زۆرم حەز لێ کردبوون وە ئارەزووم ئەکرد ڕێگایەك پەیدا بکەم ئەو موڵکانەی لێ بستێنم، چونکە هەروەکو لە غەربدا ئەوسا قاعیدە بوو، هەر کەس ئەرازییەك یا موڵکێکی نەبووایە ناوی (کۆنت)ی نەئەدرایە، باخسووس لە خاکی فرانسەدا، کە بەبێ ئەرازی قابیل نەبوو ئینسان ببێ بە(کۆنت).

منیش هەرچەند ئەوەندە لە قاعیدەی غەرب[١] شارەزا نەبووم وە ئەوەندە مەعلووماتی تاریخیشم نەبوو، ئەمما وەها حاڵی بووبووم کە ئەگەر موڵکم نەبێ، بەو مەسلەکانەی[٢] کە خۆم ئەمەوێت قایل نابم[٣] مەسەلا وەکو ئەعزایەتیی پەرلەمان، یا ئەعیانی، یاخود وەزارەت، چونکە وەهام چاو پێ کەوتبوو کە ئینسانی بێ سەروەت و بێ موڵك با زۆر عاقڵیش بێ، قایل نابێت بەئەو مەسلەکانە. بەخت موساعەدەی کردم، کابرای ساحیب موڵك بەمەسئەلەیەك ئیتیهام کرا و حەپس بوو. هەر کە ئەمەم بیست، ئەوراقەکەیم لە پۆلیسخانە داوا کرد هەتا خۆم بەقانوونی عەشایری تەماشای بکەم، هەرچەندە کابراش خۆی، عەشایر نەبوو، ئەمما لە ئەوەڵەوە، بەسوێند ئیقناعم کرد کە زەرەرم بۆی نابێ، هەتا ئیستیدعایەکم پێ نووسی کە ئیستیرحام ئەکەم من عەشایرم، ئەم دەعوای منە بەموافقی قانوونی عەشایری تەماشای بکەن!

---

(١) وڵاتانی ڕۆژئاوا.

(٢) پایە.

(٣) شاد نابم. ڕازی نابم.

(٤) لە هەمان وەختا.

(٥) ئەو پارەیەی لە سەرێتی.

(٦) وەرگرتن.

هەر کە عەرز و حاڵەکەیم دەست کەوت، فەورەن سێ کەسم تەعین کرد بەحەکەم کە خۆم ئیعتیمادم پێیان بوو، وە دەرحاڵ(٤) نووسیم بۆ مالییە، کە فلان کەس ئێستا مەوقووفە زیممەتی(٥) چی هەیە لێی تەحسیل(٦) بکەن. زوو بەزوو مالییە ئیختاریان(١) کرد کە لە مودەتی دە ڕۆژدا، ئەو میقدارە زیممەتە کە لەسەرتە ئەگەر نەیدەیت، مودەتی سێ مانگ و یەك شەو، موافقی قانوونی تەحسیل ئەموال حەپس ئەکرێیت، یەعنی نەوەد و یەك ڕۆژ.

ئەوراقەکەیم تەودیع کرد بەهەیئەتی حوکم، ئەو هەیئەتە کە هەتا ئیمزای خۆیانیان نەئەزانی بنووسن. لە حزووری کابرای موتتەهەما وتم بەهەیئەتی حوکم کە ئەم کابرایە نابێ لە سێ ساڵ کەمتر مەحکووم بکرێت، چونکە مەسەلە ئیسپاتە.

کابرای موتتەهەم کە ئەمەی بیست وە لەو لاشەوە لە تەرەف مالییەوە تەهدید کرابوو، دەستی کرد بەهاوارکردن و وتی! «بۆ خاتری خوا، قانوونی عەشایر بۆ تەسهیلی ئومووری عیباد(٢) دانراوە، ئەو وەختە کە ئەم قانوونە دانرا مەقسەد ئەوە نەبوو کە بەعزێ کەس بیکەن بەئالەتی شەڕ». دەستم کرد بەحیدەتکردن، ئەمرم کرد بردیانەوە حەپسخانە.

کابرای موتتەهەم، پیاوێکی عاقل بوو، فیکری کردبووەوە، زانیبووی هاوارکردن فائیدەی نییە، تەحقیقاتی کردبوو، موعتەمیدی من کێیە، بەهەر نەوعێك بووبوو، چاوی پێ کەوتبوو، پێی وتبوو «جەنابی ڕەئیس مەقسەدی چییە؟» وتبووی «مەقسەدی ئەوەتە ئەو موڵکانەی پێ بفرۆشیت، بەکاری تۆ نایەن و ئەگەر تۆ ئیتاعەتی ئەمری بکەیت لە هەموو شتا معاوەنەت و موساعەدەی تۆ ئەکات».

کابرا لەبەر مەجبووری ڕەزا بوو!

بۆ سبەینێ زوو لە دائیرەی تاپۆدا تەقریری بۆ دام و موڵکەکانی پێ

---

(١) ئاگاداریان کرد.

(٢) کاروباری خەڵکی.

فرۆشتم، منیش قیمەتی حەقیقی یان چەند بوو نیوەم دایێ. هەر لەو پارەیە زیممەتەکەی تەسلیم کرا، ئەمریشم کرد بەهەیئەتی حوکم، قەراری بەرائەتیان نووسی. کە لە حەپس هاتە دەرەوە، زۆر ئیحترامم گرت، وە دوو سێ ڕۆژ لە ماڵی خۆمدا دامنا وە موحیبەتێکی زۆرم لەگەڵیدا کرد، لە پاشا عەودەتی کردەوە[1]. جا کە بووم بەساحیبی موڵك لە وەقتی تەخمیندا، ئەموت بەو مەئمووررانی تەخمینەی، کە هەموو ئەهالی قەزاکە بەدەستیانەوە فریادی بوو وە ئەوەندە تەخمینی فەلاحەتی ئەهالییان زیادکردبوو کە هەموو مەحوو بووبوونەوە، تەخمینی دێهاتەکەی منیان زۆر کەم ئەکرد، لەبەرئەوەی کە فەزڵەی تەخمینەکە بۆ خۆم بمێنیتەوە و شتێکی زۆر کەمیان لەسەر دائەنان، وە خۆم سەرکارم تەعین ئەکرد لەگەڵ هەقی تاپۆدا هەقی میریشم جەمع و جبایەت ئەکرد وە خۆم ئەو تەخمینە کە لەسەر ئەهالی کرابوو، لە مەعاشی خۆم ئەمدا بەناوی فەلاحەکانەوە و لە نیهایەتی حاسڵاتدا قیمەتی ئەو وەختەی دەغلودان چەند بوو، دوو قاتم لە ئەهالی دێهاتەکانی خۆم ئەسەند، هەر کەس بۆی مومکین نەبووایە بیدات، بۆم ئەکرد بەقەرز بۆ ساڵی ئاتی، ئەمما یەك بەدوو. تەبعەن ئەهالیی بێچارە لە ترساندا نەیانئەتوانی بڕۆن و ڕێگای شکاتیشیان نەبوو، جا نازانم عەقڵیان پێ نەئەشکا یا ئەیانزانی شکات فائیدەی نییە. ئەو موڵکانەی کە بووم، حدوودیان نەختێ کەم بوو، دەستم کرد بەتەعەڕوزکردن[2] بەموڵکی ئەو کەسانەی کە نزیکم بوون، بەواسیتەی ئەو وەزیفەیەوە کە بەدەستمەوە بوو، لە مودەتێکی کەمدا، حدووودی قەدیمیی موڵکەکانم چەندبوون، کردم بەدوو ئەوەندە بەزۆری خۆم! ساحێب موڵکەکانی ڕەفیقم نەیانئەوێرا دەنگ بکەن، چونکە ئەیانزانی، ئەگەر قسە بکەن، دووچاری خەتەرێکی[3] گەورە ئەبن وە بەناهەق

(١) گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی.

(٢) تەعەڕوز: دەستدرێژیکردن.

(٣) خەتەر: مەترسی.

بەمەسەلەیەکی سیاسی ئیتیهامیان ئەکەم. سبحەینێیەك کە چووم بۆ دائیرە، لە ناو کۆڵانێکدا دوو منداڵم دی، کە بەیەکەوە یارییان ئەکرد.

– تۆ ئەزانی خودا کێیە؟ ئەوی تریان وتی:

– تۆ قسەی قۆڕ ئەکەی، چۆن نازانم؟ دیارە خودا ڕەئیسی قەزا زۆراب ئەفەندییە!

کە منداڵەکەی تر ئەوەی بیست دەستی کرد بەپێکەنین و وتی:

– پەشیمان بەرەوە، زۆراب ئەفەندی عەبدێکی زەعیفە وەکو من و تۆ! خودا ئەوەتە کە لە هەموو جێگایەك حازرە و ئەم دنیایەی دروست کردووە وە هەمیشە باقییە.

منداڵەکەی تر وتی:

– جا ئەگەر زۆراب ئەفەندی خودا نییە، بۆچی هەزار ئەمر بدات ئیجرا ئەکرێت؟ و بۆچی بەحیدەت و لوتفی، هەموو خەڵق ڕازین؟ سەبەب چییە کەس نییە کە هەقی خەڵقی لەو بستێنن؟ مەعلووم بووە تۆ شێتی و تێ نەگەیشتوویت کە زۆراب ئەفەندی بەخوا نازانی؟

دووبارە ئەوی تریان وتی:

– برای خۆم تۆ بۆچی خۆت شێت کردووە، خودا فەوقی هەموو عالەمە(١) نیهایەت ئەم زۆراب ئەفەندییە مەئموورێکە لە تەرەف حکوومەتی خۆیەوە تەعین کراوە، قانوونێکی دراوەتە دەست معامەلەی پێ بکات. ئەمما چونکە لە موحیتی ئێمە قانوونەکە بەزوبانی خۆیان نییە، وە لە مەعنای نازانن وە یاخود خوێن لە وجوودیاندا نییە، وە لە تەڵەبی هەقی خۆیان عاجزن(٢) هەزار زوڵم و زۆر بکات کەس دەنگ ناکات، لەبەرئەوەتە ئەوانەی کە بێ عەقڵن بەخودای ئەزانن. ئەگەر ئەو کابرایە کە تۆ بەخودای ئەزانی لە بەعزێ مەملەکەتی موتەمەدیندا بێ، حەتا

(١) لە سەروو هەموو کەسێکەوە.

(٢) لێرەدا بێ توانا، بێ هێز.

حەماڵیشی دەست ناکەوێت.

تیکرار منداڵەکەی تر وتی:

– ئێمە کە تازە چووینە مەکتەب خۆت ئەزانی لە ڕەفیقەکانمان بیستووە کە لە بەعزێ مەملەکەتی موتەمەدینا، حەتا ئەوانە کە مەئزوونی مەکتەبن، ئوتومبیلچییەتییان دەست ناکەوێ، ئەی سەبەب چییە ئەم کابرایە ئەوەندە گەورە بوو؟

– عەزیزم ئەو مەملەکەتانە هەموو خوێندەوارن وە لەوانە عالمتر هەیە.

– بۆچی لە زۆراب ئەفەندی عالمتر لەم موحیتەدا نییە؟

– بەڵێ هەیە، لاکین ئیحتیمال ئەوەی کە وا ئەم قبووڵی ئەکا، خوێندەوارەکان تەحەمولی ناکەن! ئەمما هیچ عاجزیش مەبە ڕۆژێك ئەبێت حەقیقەت جێگەی خۆی بدۆزێتەوە و ئەم میللەتە فەقیرە بێدار بێتەوە و[1] ئەم نەوعە میقرۆبانە دەفع بکەن، چونکە ئەم زوڵمە کە ئەمانە کردوویانە بەپیشە، ئاخری ئەهالی مەجبوور ئەبن بەفیکرکردنەوە بۆ پەیداکردنی ڕێگایەکی نەجات، چونکە حەپس تا زیاتر ئەزیەتی بکەن، زیاتر فیکر ئەکاتەوە بۆ ڕێگەی وەسیلەی فیرار.

کە ئەم قسانەم بیست لە منداڵەکان زۆر لە دڵی خۆمدا حیدەتم کرد، وتم: «ئەم شەیتانانە تازە چوونەتە مەکتەب و فیکریان وەهایە، ئاخۆ ئەگەر تەحسیل تەواو بکەن چلۆن ئەبن وە حاڵی ئێمە چی لێ بێت؟ ئاخ مومکین بووبووایە ئەم نەوعە شەیتاناتەم لەم موحیتەدا نەهێشتایە؟» لە پاش فیکرکردنەوە بەعاجزییەوە چووم بۆ مەقامی خۆم.

تەسادوفەن ئەو ڕۆژە، ڕۆژی ئیحالەی ئەو نەهرانە بوون کە عائیدی حکوومەت بوون، وە زۆر کەس لە ئەهالی و ئەشراف هاتبوونە دائیرە

---

(١) ڕاپەڕێ لە خەو، وریا بێتەوە.

(٢) ئیجرا: سەبارەت بەشتێ کار بکەن.

(٣) واتە تەصدیق.

ئیجرا[٢] بکەن. لاکین لەو وەقتەدا کە خەریك بوون پەی بخەنە سەر نەهرەکان، پیاوێك کە هەموویان ئەیانزانی پیاوی منە، هاتە ژوورەوە و بەتەسدیقێکی[٣] زۆرەوە وتی «من تالبی فلأن نەهر وە فلأن جۆگەم» خۆلاسە تالبی عموم جۆگەکان بوو بەتەنزیلی بەدەلی پێشویان با وجودی ئەوەی کە ئەوانەی دانیشتبوون ئەیانزانی بەدەلی نەهرەکان نیسفی[١] واریداتیان نییە وە خۆشیان عموم بەنیەتی ئیجارەکردن هاتبوون، کە چاویان کەوت بەکابرای پیاوی من وتیان «ئێمە تالب نین وە ئەزانین کە بەدەلی ئەو نەهرانە زۆر گرانە. وە بەغەیرەز ئەم زاتە کابرایەکیان وتی:

– من زەم ئەکەم!

فەورەن وتم:

– تەسدیقت هەیە!

تەسدیقەکەی نیشان دام. وتم:

– ئەم تەسدیقە لە وەقتێکا من لێرە نەبووم، لە تەرەف وەکیلمەوە تەسدیق کراوە و نەیزانیوە، تۆ هەزار ئیشی کەت هەیە، وە سەروەتت ئەمەندە نییە!

خەریك بوو قسە بکات، دەستم کرد بەحیدەتکردن و دەرم کرد، لە پاشا کابرا لەم خسووسەوە هەر چەند شکاتێکی زۆری کرد، هیچ فائیدەی نەبوو، وە لەبەر ئەو مەسەلەیە زەرەرێکی زۆرم لێ دا. هەر لە ئەو ڕۆژەدا ئیحالەی نەهرەکان درا بەئەو پیاوەی من. دائیرەی مالییە چونکە پرۆغرامیان یەك بوو بەکەمالی مەمنوونییەتەوە قبووڵی کرد.

لە وەقتی حاسلأتدا هەر وەکو بەحسمان کرد هەر معامەلەیەکم لە موڵکەکانی خۆمدا ئیجرا کردبوو، لەو ئەنهارانەشدا ئیجرام کرد، یەعنی وەکو ڕووتاندنەوەی وە خوێن خواردنی ئەهالیی مەزڵووم. بەم نەوعە

---

(١) نیسف: نصف، نیوە.

(٢) تەحەمولاتی ناو ماڵ: مەسرەفی ناو ماڵ.

ئیشانە پارەم زۆربوو، یەعنی بێجگە لە تەحەمولاتی[2] ناو ماڵ و قەرز، بووم بەساحیبی بیست سی هەزار لیرەی نەقد.

هەروەکو لەمەوپێش بەحسم کردبوو خولیای گەورەیی ئەوەندە لە سەرمدابوو، هیچ ئارامم نەبوو. جا ناردم لە وڵاتێکی خاریج بەعزێ قالیچەی ئاوریشمی جوان و بەعزێ شتی بەقیمەتم سەند و بەنیازی تەرەقیکردن، مەئزوونیەتی یەك مانگم وەرگرت و چووم بۆ پایتەخت. کە گەیشتمە پایتەخت واقیعەن لە ئەوەڵەوە، هەر وەکو خۆم ئارەزووم بوو، ئەوەندە حورمەتم نەبوو. ئەمما لە پاش تەقدیمکردنی ئەشیاکان بۆ ئەو جێگایانە کە لازم بوو، حورمەتم ئەوەندە زیادی کرد خەریك بووم خۆم نەناسمەوە. هەر ئێوارەیەك لە ئوتێلێك وە هەر شەوێك لە سینەمایەك لە تەرەف پیاوێکی گەورەوە دەعوەت ئەکرام، وە لەو شارەدا ناوێکی گەورەم پەیدا کرد.

زۆر کەسی وا بوو کە چاویان پێم نەکەوتبوو نەیانئەناسیم وە هیچ ئیستیفادەم بۆیان نەبووبوو، هەر لە خۆیانەوە مەدح و سەنایان ئەکردم. بەمەحزی[1] ئەوەی کە بیستبوومان زۆراب ئەفەندی پیاوێکی مەوهیمە، ئەوانیش بەتەقلیدی خەڵقەوە مەجبوور بوون بەتەعریفکردنم. ئاخر ئەگەر ئەهلی ئەم وڵاتە ئەوەندە سەریع ئەلقەرار[2] نەبوونایە حاڵیان وەها نەئەبوو.

لە پاش چەند ڕۆژێك وەعدەم وەرگرت کە بەوەزیفەیەکی گەورەتر تەعین بکرێم. دوای تەواوبوونی مودەتی مەئزونیەتەکەم، گەڕامەوە مەحەلی وەزیفەکەی خۆم. تەسادوفەن بۆ دەوریە لە مەرکەزی قەزا چوومە دەرەوە، لە بەینی دوو عەشیرەتدا کە داخڵی ئەو قەزایە بوون، چەن ساڵێك لەوە پێش شەڕوشۆڕێك واقیع بووبوو، وە سێ چوار کەس لە بەینی ئەواندا

---

(١) بەمەحزی: هەر بەوەی، بەتەنیا.

(٢) بریاری هەڵەشە، بێ لێکدانەوە.

(٣) ئەو کەسەی یەکێکی کوشتبێ، پیاوکوژ.

کوژرا بوون. لەو وەقتەدا کە من گەیشتمە ئەو ناوە مەشغووڵ بوون لە ناو خۆیاندا سوڵحیان ئەکرد و قەراری موساڵەحەیان دابوو، بەم نەوعە کە قاتیلەکانی[٣] ئەم عەشیرەتە دوو کچی خۆیان بدەن بەکوڕی مەقتوولەکانی ئەو عەشیرەتەکەی تر، وە قاتیلەکانی ئەولاش دوو خوشکی خۆیان بدەن بەبرای مەقتوولەکانی[١] ئەم عەشیرەتە. خۆم گوێم لێ بوو کچەکانی ئەم عەشیرەتە هاواریان ئەکرد ئەیانوت: «بۆ خاتری خودا ئێمە ئەوانە ناناسین کە ئێمەتان داوە بەئەوان، هەتا ئێستا نەماندیون؟ ئێمە خۆ کەسمان نەکوشتووە کە مەسئوول بین و دڵی قەوم و خوێشیان شاد و مەمنوون بکەین. خوا هەڵناگرێ یەکێکی تر قەتلی کردووە، یەکێکی تر کوژراوە، ئێمە بۆچی بکەوینە عەزابەوە؟ ئیحتمال ئێمە دڵمان تەعەلوقی بەشەخسێکی کەوە بێت[٢] بۆچی ئێوە سەرمایەی حەیات و ژیانی ئێمە مەحوو ئەکەنەوە؟ ئەمانە خودا و وێژدان قبووڵی ناکات؟»

بێ خەبەر بوون کە خودا ئەوەندە سەبری هەیە هەزار شتی وەهای قبووڵ کردووە و ئەیکات، وە ویژدانیش تەنیا هەر ئیسمی[٣] هەیە و کەس بەچاو نەیدیوە! کوڕەکانی عەشیرەتی ئەو لا لەگەڵ کچەکاندا بیستبوویان من لەو ڕۆژانەدا وام لەوێ، بەهەر نەوعێك بۆیان مومکین بوو بوو، خۆیان نەجات دابوو و فیراریان کردبوو، هاتنە لای من. ئەوەڵەن کچێکیان کە زۆر جوان و مەحبووبە[٤] بوو پێی وتم! «جەنابی ڕەئیس ئەمڕۆ ئێمە زۆر بەختیارین کە جەنابی عالیتان تەشریفی هاتووە بۆ ئەم ناوە، چونکە ئومێدمان وایە و بەتەحقیق[٥] ئەزانین کە هەقی مەزڵووم لە زاڵم

(١) کوژراو.

(٢) دڵمان بەیەکێکی کەوە بێت.

(٣) ئیسم: ناو.

(٤) ئێسك سووك، شوخ و شەنگ.

(٥) بەتەواوی، بەدڵنیایی.

دەسێنی.»

تەواو

## ڕوونکردنەوەیەك

### دەربارەی چۆنێتیی ساغکردنەوەی ئەم دەستنووسە

لە ساڵی ١٩٥٦دا، ئەم دەستنووسەم لەگەل چەند یادگارییەکی کۆنی کەدا، لە ناو ئەو کتێبانەدا کەوتە بەرچاو کە لەلایەن باوکمەوە کۆکراونەتەوە و پارێزراون. هەرچەند ئەو سەردەمەش، هەوڵی لە چاپدانیم دا، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی ئەم ئاواتەم بهێنمە دی.

لە ماوەی ئەم چەن ساڵەی دواییەدا، بەتایبەتی لە ماوەی خوێندنمدا لە دەرەوە، نرخ و بایەخی ئەم جۆرە یادگارانەم زۆرتر بۆ دەرکەوت، چونکە بەچاوی خۆم بینیم، چۆن لە نامەخانەکانی ئەورووپادا، لە پەڕە کاغەزیکی پەرپووتەوە تا هەموو جۆرە دەستنووسێکی کۆن و تازە پارێزراو، وە تا چ ڕادەیەك بایەخ بەم یادگارە چاپنەکراوانە ئەدرێت. جا بۆیە پاش گەڕانەوەم، بریارم دا کە ئەم دەستنووسە ساغ بکەمەوە، وە بیکەم بەیەکەم دیاری و پێشکەشی خوێنەوەرانی بەڕێزی بکەم.

کاتێ کە دەستم کرد، بەم کارە، دوو کۆسپی گەورە ڕێی چاپکردنی لێ گرتم.

یەکەم: لە لاپەڕەی یەکەمی دەستنووسەکەوە تا لاپەڕە چواردەی، لە بارێکی زۆر پەڕپووتدا مابووە، وەها بەیەکەوە نووسابوون کە هەوڵی جیاکردنەوەیان و دەست لێوەردانیان ئەبوە هۆی هەڵوەرین و فەوتانیان.

دووەم: کۆتاییی چیرۆکەکە، کە بەتەواوی ئاشکرا نەبوو، چونکە بەشێوەیەکە خستمیەبەر ئەو پرسیار و گومانەی کە ئایا چیرۆکەکە

زۆرتر نەبووە و هیچی لێ نەفەوتاوە؟

بەتایبەتی کە لێی نەنووسرابوو «تمت» یا «تەواو بوو» یا کۆتاییی هات جا هەر چەندە، دوا لاپەڕەی دەستنووسەکە بەنیوەیی بەجێ هێڵراوە و شێوەی داڕشتنی دوا ڕستەش ئەتوانرێ ببێ بەبەڵگەیەك، بەڵام سۆراغکردن و پرسیارکردنم لەم بابەتەوە بەپێویست زانی.

بەداخەوە، کەسی وام نەدۆزیەوە کە لەم بابەتەوە زانیارییەکی تەواوی هەبێ، یا لە وەختی خۆیدا ئەم دەستنووسەی بەرچاوکەوتبێ، یا نوسخەیەکی کەی لە لا بێت بۆ ئەوەی یارمەتیم بدات لە داڕشتنی سەرەتای چیرۆکەکەدا.

جا بۆ لابردنی کۆسپی یەکەم، ناچار بڕیاری دەست لێدانی ئەو لاپەڕانەم دا، وە بەهەرچی چۆنی بێ، سەرەتای چیرۆکەکەم داڕشتەوە سەرلەنوێ لەبەر تیشکی ئەو ڕستانەی بۆم خویندرایەوە وە بەیارمەتیی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە خۆی. لەبەرئەوەی ژمارەی ئەو لاپەڕانە هێندە زۆر نەبوون، زنجیرەی ڕووداوەکان هەروەکو خۆی ماوەتەوە و تێك نەچووە.

بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانە، ئەوەی کە لە باوکمەوە وەرم گرتووە ئەمەی خوارەوەیە:

ئەحمە موختار بەگی جاف، ئەم سەرگوزشتەیەی لە دەوروبەری ساڵانی ١٩٢٧ – ١٩٢٨دا نووسیوە، دەستنووسەکە بەدەستخەتی مامۆستای شاعیر عەلی کەمال باپیر نووسراوەتەوە، کە لەگەڵ خوالێخۆشبوو ئەحمەد بەگا پەیوەندییەکی دۆستایەتیی گەلێ بەتینی هەبووە، وە کۆکەرەوەی بەشێکی گەورەی هۆنراوەکانێتی.

لە دانیشتێکی تایبەتیدا، سەرەتای پایزی ئەمساڵ لە سلێمانی لەگەڵ مامۆستا عەلی کەمال باپیردا، هەوڵی کۆکردنەوەی زانیارییەکی زۆرترم دا دەربارەی ئەو دەستنووسە (لەم دانیشتنەدا مامۆستا ئەحمەد هەردی و مامۆستا مەدهۆش بەشداربوون) لە بابەت مێژووی نووسینەوەی، وە

ژمارەی لاپەڕەکانی، قسەکانی مامۆستا عەلی کەمال باپیر تێکڕا یەکیان گرتەوە لەگەڵ ئەوانەی لە باوکم بیست، هەروەها مامۆستا عەلی کەمال باپیر، کە دەستنووسەکەی بەخەتی خۆی نووسیوەتەوە، ئەوەی ڕوون کردەوە، کە چیرۆکەکەی ئەحمەد بەگ هەر ئەوەندەیە وە ئەو دوا لاپەڕەیەی کە بەنیوەیی ماوەتەوە، کۆتاییی چیرۆکەکەیە وەبەمە لە دوو دڵی ڕزگاری کردم.

شێوەی دارشتنی دوا ڕستەی ئەو لاپەڕەیەش وەك لە پێشەوە وتم، هەر ئەم ڕاستییە ئەسەپێنێ. بێگومان ئەوەی هۆنراوەکانی شاعیر بەوردی بخوێنێتەوە، لە یەك چوونێکی تەواو ئەبینێ لە نێوانی هێندی هۆنراوەی شاعیر و ناوەرۆکی ئەم چیرۆکەدا. شاعیری بەسۆز، خاوەنی هەڵبەستی لە خەوهەڵسن، لە بەشێکی بەجێی هۆنراوەکانیدا، پەردە لە ڕووی ناتەواویی کۆمەڵەکەی و دزی و ڕووتاندنەوەی کاربەدەستانی ئەو سەردەمە لائەدات، وەدەری ئەخات کە تا چ ڕادەیەك میللەتی هەژاریان چەوسانۆتەوە:

جاهیلان بۆ ئیستیفادەی زاتی خۆیان ڕۆژ و شەو
لەم موحیتە مەنعی عیلم و سنعەت و عیرفان ئەکەن
ڕووڕەشی دنیا و قیامەت ئەو نەفامانەن کەوا
هەجوی قەوم و میللەتی خۆیان بەپارە ونان ئەکەن
ئاسمان ئێستە وەها چەرخاوە، جاهیل غالبە
گوربە و ڕێوی خەیاڵی مەرتەبەی شێران ئەکەن
چەن کەسێکی تازە پیاکەوتوو لە کوورە دەرچوون
پیاو کە چوو بۆ ئیش لە پێشا یۆقلەمەی گیرفان ئەکەن

یاوەکو:

مەعنای وەها لێك ئەدەنەوە بەعەزێ موودەزەف

قـــانوون ئەوەتە کـــەشفی بکەن بـــاخەڵ و گـــیرفان

دەسا، هـەر ئـەم نـاوەڕۆکە ڕوونـەیە کە لـە سنووری تـەنگەبەری هۆنراوەدا لــەوەنــدە زیــاتــر دەرنـــابــڕێ و کــە ئــەنجامــی لـێکدانــەوە و سەرنجدان و شارەزاییی شـاعیرە لەو نـاوەندەدا کە تیایا ژیاوە، بەتایبەتی کە خۆی چەن کارێکی میریی بەڕێوە بردووە و بەچاوی خۆی کارەساتی بەڕێوەبردنی دیوە)، بووەتە هەوێنی ئەم سەرگوزشتەیە.

لـە دوایـیدا، تـکـام ئـەوەیـە کـە هـەر کـەسێ زانـیـارییـەکی نـوێی هـەیـە دەربـارەی ئـەم دەسـتـنـووسە بـۆمـان بـنـێرێ! پـێشەکیش سوپـاسی دەکـەم، چونکە بەمە خزمەتێکی سامانی ئەدەب و زانیاریی میللەتەکەمان دەکات، لەو بڕوایەشدام کە گیانی پیرۆزی ئەو شاعیرەی کە دەڵێ:

جـەژنـی قـوربـان، ساڵـی جـارێ خـەڵکی قـوربـان ئـەکەن
بۆ وەتەن من ڕۆژی سەد جار ڕۆحی خۆم قوربان ئەکەم

شایـانـی هـەمـوو ڕێز و خۆشەویستییـەکە لـە لای هـەمـوو ڕۆشنبیرانـی میللەتەکەمـان.

د. ئیحسان فوئـاد

**خوێنەوەری بەرێز..**

ئەم لیستەیە بۆ ئەوەی ئاگادار بێت کە لە چاپدانی ئەم چـیـرۆکـەدا، زۆربـەی وشەکـان بـەپـێی ئـیـمـلای نـوێ نووسراون.

هەروەها لەبەر ئەمانەتی عیلمیش تۆمارکردنی وشەکان وەکـو خـۆی (چـۆن لـە دەستـنـووسەکـەدایـە) بـەپـێویست ئەزانین، وا لە خوارەوەدا چەن نموونەیەك دەبینن:

| ئیملای دەستنووسەکە | ئیملای کتێبەکە |
|---|---|
| ولادت | ویلادەت |
| قضاء | قەزا |
| شهید | شەهید |
| معیشت | مەعیشەت |
| حلال | حەڵاڵ |
| نـاممکن | نـاومکین |
| غل وغش | غەلوغەش |
| وجدان | ویژدان |
| مسألـه | مەسئەلە |
| قرضدار | قەرزار |
| محمد | محەمەد |
| شخص | شەخس |

| | |
|---|---|
| متاثر | موتەئەسیر |
| تقلیدات | تەقلیدات |
| عنعنات | عەنعەنات |
| محرمێتم | مەحرەمیەتم |
| مثلا | مەسەلا |
| حکمی | حوکمی |
| بعضا | بەعزەن |
| خلاص | خەلاس |
| قصه | قسە |
| مدتی | مودەتێ |
| ظاهر | زاهیر |
| علاوه | عەلاوە |
| تحقیقات | تەحقیقات |
| تهدید | تەهدید |
| نظارەت | نەزارەت |
| عظمت | عەزەمەت |
| تامل | تەئەمول |
| بەحدت | بەحیدەت |
| اقتراح | ئیقتراح |
| اطراف | ئەتراف |
| بحثی | بەحسی |
| تصورم | تەسەورم |
| حجره | حوجرەی |

| | |
|---|---|
| موفق | مووەفەق |
| محصور | مەحصوور |
| رذالت | ڕەزالەت |
| معدل | موعەدەل |
| لطيف | لەتيف |
| اجازم | ئيجازەم |
| استرحام | ئيسترحام |
| تعجبم | تەعەجوبم |
| قدرت | قودرەت |
| حاصل | حاسڵ |
| تشبثى | تەشەبوسى |
| مخاطره | موخاتەره |
| حضور | حوزوور |
| معتمد | موعتەميد |
| استدعا | ئيستيدعا |
| تقاضى | تەقازى |
| تطبيق | تەتبيق |
| پروغرام | پڕۆغرام |
| اعتماد | ئيعتيماد |
| نظافه | نەزافەت |
| ملاحظه | مولاحەزه |
| مقصد | مەقسەد |
| اذيت | ئەزيەت |

| | |
|---|---|
| استغفار | ئیستیغفار |
| مباشره | موباشەرەت |
| تحصیلات | تەحسیلات |
| مظلوم | مەزڵووم |
| ما فوق | ما فەوق |
| تنظیم | تەنزیم |
| شدت | شیدەت |
| اصرار | ئیصرار |
| عزل | عەزل |
| لذت | لەزەت |
| مطبعه | مەتبەعە |
| مستعار | موستەعار |
| تصادف | تەسادوف |
| عمدا | عەمدەن |
| کلمه | کەلیمە |
| عظمه | عەزەمە |
| بشریت | بەشەرییەت |
| قطعا | قەتعەن |
| مبتلا | موبتەلا |
| اثنا | ئەثنای |
| تصادفا | تەصادوفەن |
| اعضا | ئەعزا |
| تکامل | تەکامول |

| | |
|---|---|
| طبيعى | تەبیعی |
| مطلقا | موتڵەقەن |
| مباح | موباحە |
| منظره | مەنزەرە |
| فضا | فەزا |
| معذب | موعەزەب |
| متلذذ | موتەلەزیز |
| قطعه | قەتعە |
| اراضى | ئەرازی |
| زمه | زیممەت |
| تصديق | تەسدیق |